NO:۶۴

# ژنان

١٧ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی

Kurdistan Democratic Women's Union of Iran
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران
1945

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ



## «شوێندانەریی کۆماری کوردستان لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی ژنان»

- جامانەی خەباتگێڕان و جامانەی مرۆکوژان
- کورتەیەک سەبارەت بە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان
- ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی بەرخۆدانەوە بەرەو هەڵاواردن

www.rabari.org




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ژمارە ٦٤ی گۆڤاری «ژنان»

### پێرستی بابەتەکان

✦ ٣- ئەوان چیان ویست و خەڵک چیان کرد
✦ ٤- دیمانە
✦ ٦- شوێندانەری کۆماری کوردستان لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی ژنان
✦ ٨- یادێک لە حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان
✦ ١١- جامانەی خەباتگێڕان و جامانەی مرۆکوژان
✦ ١٢- کورتەیەک سەبارەت بە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان
✦ ١٤- ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و باسێک لەسەر کەسایەتی پێشەوا
✦ ١٧- هەڵبژاردەی لاوان
✦ ١٨- هەڵوێست و خۆڕاگری بنەماڵەی شەهیدان، بەردەوامی دەبەخشێ بە شۆڕشی ژینا
✦ ٢١- باسێک لە ڕۆمانی (ئومید) هەڵاتن بەرەو لووتکە
✦ ٢٢- چەواشەکاری ڕاستییەکان
✦ ٢٤- تەنیا بە عیشقی پێشمەرگە دەکرێ
✦ ٢٥- بووکی ڕەشپۆشی دێموکرات
✦ ٢٦- ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی بەرخودانەوە بەرەو هەڵاوارن
✦ ٢٨- خاڵە لاوازەکان چین؟ و چارە چییە؟
✦ ٢٩- بزووتنەوە و خەباتی ژنان
✦ ٣٠- کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی شلێر ڕەشیدی
✦ ٣٢- جیهانی گوڵەکان و باسی دوو ڕووەکی سروشتی دیکە
✦ ٣٣- تاسە (شێعر)
✦ ٣٤- ئاڵبۆمێک لە وێنەکانی نەورۆزی ٢٧٢٤ی کوردی و ٢٤ی ڕەشەممە

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: y.jnan.dk.@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥١٨٧٧٠٠٩٣
بۆ پێوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤار پێوەندی بەم ژمارەیە بگرن
٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩

## دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»

بەڕێوەبەری گۆڤار: نەسرین یوسفزادە

نووسەرانی ئەو ژمارەیە
نەسرین یوسفزادە
دیمانە: شاماران
شەونم هەمزەیی
مۆژگان عەلیپوور
حەسەن حاتەمی
ڕەسووڵ سوڵتانی
عومەر باڵەکی
شیوا مرادیان
ئاسۆ مینبەری
ناسک نەسیری
گەلاوێژ پەیرەوان
شەهرام سوبحانی
گوڵباخ بەهرامی
چیمەن ئاراس زادە
نەسرین یوسفزادە
تریفە فاتیحی
شلێر ڕەشیدی
کوێستان عومەرزادە
جیهان بێتووشی
و..... چەند هاوڕێی دیکە

هاوکارانی ئەو ژمارەیە:
گەلاوێژ پەیرەوان
شاماران

کاری فەنی
دیزاینی ناوەڕۆک:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ: ڕەسووڵ دنخە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەوان چیان ویست و خەڵک چیان کرد



نەسرین یوسفزادە

ئەوەی کە ڕاپەڕینی ژینا یان بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی بە شۆڕش نێو بێنین دوای ئەوی کۆتایی پێ هات کەمێک ئەستەمە. چونکە شۆڕشەکان زیاتر بەوە ناسراون کە ئاکامەکەی دەبێتە ڕووخانی دەسەڵات و سیستەمە سیاسیە زاڵەکان و دەسەڵاتی تازە دەبێتە جێگرەوەی و سیستمێکی نوێ بەڕێوە دەچێ، کە ئەوە دوای چەندین مانگ شەڕ و شەهیدبوونی چەندین کەس لەو بزووتنەوەیە ئێستاش ئەو ڕێژیمە لەسەر کارە و جێگرەوەیەکی نەبووە. بۆیە تەنیا دەکرێ بە ناوی جووڵانەوەیەکی مێژوویی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسی لێ بکەین.

ئاکامەکەشی لەو نەورۆزەدا هەم پێش نەورۆز لە بەناو هەڵبژاردنەکان و هەم لە گرتنی پڕ شکۆی نەورۆزی مەشخەڵانی ئازادی لە هەموو کوردستان و لە هەڵوێستی خەڵک بە نیسبەت هەموو ئەوەی دەوڵەت دەیهەوێ و هەموو ئەوەی حیزبەکانیان دەیانهەوێ دەردەکەوێ، کە ئەگەر جووڵانەوەی ژینا ناوی شۆڕشیش نەبێ و بە ئاکامیش نەگەیبێ و گۆڕانکاریەک لە سیستەمی سیاسی ڕێژیم پێک نەهاتبێ سەنگ و قورسایی ئەو ڕێژیمە چەندە و خەڵک تا چەندە دڵی بە مانەوەی ئەو سیستەمە دەسەڵاتداریە خۆشە!

ئەوەی لە نەورۆزی ٢٧٢٤ی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بینیمان، نیشاندەری شۆڕشێکی بە شکۆی کۆمەڵایەتی و سیاسی بوو. شۆڕشێکی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازانە کە نەوەک بە چەک و شەڕ و کوشتن بەڵکوو بە چۆپی کێشان و شایی و شادی و هەڵکردنی ئاگری نەورۆز بەدەستی بنەماڵەی شەهیدان لە گەورەترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دژایەتی ئەو سیستەمە و ویستەکانیان کرا. ئەگەر بە ڕواڵەت بزووتنەی ژینا نەیتوانی لە ئێراندا سەرکەوتوو بێ و تا ئێستا دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەر لەسەر کارە، لە کوردستان لانیکەم لەحاڵی سەرکەوتندایە و خەڵکی کوردستان بە هەر بیانوویەکی کە دەستیان دەکەوێ و دەتوانن (نا)یەکی توند بەو دەسەڵاتە دەڵێن.

ساڵی ڕابردوو لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕووداوگەلێک ڕووی داوە کە جێی تێرامان و سەرنجن. یەکێک لەو ڕووداوانە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردوو بوو، کە لە هەموو ئێران و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شانۆیەکی گاڵتەجارانە ناسرا. هۆکارەکەشی بەشداری نەکردنی زۆربەی زۆری خەڵک بوو لەو بەناو هەڵبژاردنانە و لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو کە کاربەدەستانی ڕێژیم دەست بە داوێنی نەخۆشخانە ڕەوانییەکان، ساڵمەندان و تەنانەت زیندانەکان بوون هەتاکوو سندووقە بەتاڵەکانیان پڕ بکەنەوە و تەنانەت سندووقیان بە نێو شاردا دەگێرا و ماڵ بە ماڵ لە دەرگای خەڵکیان دەدا و بەشکوو بە خواهیش و تەمەنا و لێ پاڕانەوە دەنگی خەڵک بۆ ڕەواییدان بەو ڕێژیمە نگریسە وەرگرن، کە بە خۆشییەوە ئەوەی براوەی ئەو شانۆیە بوو خەڵک بوون.

چەند ڕۆژ دوای ئەو بەناو هەڵبژاردنانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە کوردستان نەورۆزی مەشخەڵانی ئازادی دەستی پێکرد و هەموو کوردستانی گرتەوە لە سەرتاسەری دێهات و شارەکان کوڕان و کچان بە کەواو پاتۆڵی خاکی و جامانەی ملیان و کراسی هەوری و جامانە کە نماد و نیشانی پێشمەرگەیە گەڕی شایی و چۆپیان گێڕا. بنەماڵەی شەهیدان چۆپیکێشی شایی و هەڵپەڕکێیەکان بوون و بە دڵێکی پڕ لە پەژارە و هەستێکی پڕ لە تووڕەیی بە چۆپی کێشانیان ڕەزمی شەڕ نەوەک بەزمی شادیان گرت، مەشخەڵی ئاگری نەورۆز بەدەستی بنەماڵەی شەهیدان لە هەموو شار و دێهاتەکان هەڵکرا.



ئیتر ئەوە کە ژنان و کچان لەو هەڵوێستە گەورانەدا چەندیان دەور و ڕۆڵ هەیە و چۆن هاوبیر و هاوهەڵوێستی باوک و برا و کەس و کاریان بە جلی ئاڵ و واڵا و جامانە و هەوری و وەلانانی حیجابێک کە بە سەریاندا سەپاوە دەمەلاسکەی ئەو ڕێژیمە دەکەن گرینگیەکی بەرچاوی هەیە، ئەوەی دایکی شەهیدان لە هەر بۆنەیەک پەیامی خۆیان دەگەیەنن و هەر بۆنەیەک دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی لەیەکتر کۆبنەوە و هەموو جارێک وەبیر ئێمەش و خۆشیان بهێننەوە کە ئەگەر شۆڕشێکیش لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووی نەدابێ لانیکەم خوێنی کەسانێک ڕژاوە کە خۆشەویستی ئەوان بوون و ئەوانن کە ناهێڵن ئەو خوێنانە بە فیڕۆ بڕوا و بە دڵنیاییەوە هەتا ئەو دایکانە مابن و ڕێبەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە بکەن نە خوێنی شەهیدەکان ون دەبێ و نە ورەی لاوان و کچانی شۆڕشگێڕ دادەبەزێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەشداری کردن لە بازنەی سیاسەتدا لە چوارچێوەی یاساکانی کۆمار ئیسلامی ئێراندا

دیمانە:
شاماران

**دەمانەوێ ئاورێک لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بدەینەوە و بزانین کە مافەکانی ژنان و ڕۆڵ و پێگەیان چۆن پێناسە کراوە و چەندە ژنان دەرفەتی مافی بەشداری یەکسانیان هەیە بەتایبەت لە کاروباری سیاسەتدا و ئایا دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیارداندا جێ بگرن ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو فاتمە عوسمانی سکێرتری پێشووی یەکیەتیی ژنان و ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ.**

**١- وەک دەزانین ژنان لە ئێراندا هەر لە حکوومەتی دیکتاتۆری شاهەنشاهی و دوای هاتنە سەرکاری حکوومەتی دیکتاتۆری ئیسلامی ئێراندا بەردەوام پەراوێز خراون و هیچ کات مافی بەشداری یەکسانیان بەتایبەت لە کاروباری سیاسەت و دەسەڵاتدا نەبووە، هەر بۆیە لە سەرەتادا ئەمەوێ بەو پرسیارەوە دەست پێبکەم، دۆخی بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسی لە ئێران بە گشتی لە ٤٤ساڵی ڕابردوودا لە بەراورد بە قۆناغی پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی چۆن بووە؟ چ گۆڕانکارییەکی بە سەردا هاتووە؟**

بەراورد کردنی ئەو دوو قۆناغە زۆر زەحمەتە چوونکە لە باری زەمانی زۆر جیاوازن ئێمە دەزانین ٤٤ ساڵ بە سەر هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیدا تێدەپەرێ چوار دەیە کاتێکی زۆرە کە وڵاتێک لە هەر بوارێکدا پێش بکەوێ و کاتێکی باشە بۆ ژنانی وڵاتێک لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگەدا پێگەی خۆیان بە ئاستی دڵخواز بگەیێنن. بە هەر شێوەیەک لێکیبدەینەوە دەبوایە ژنانی ئێران لە باشترین پێگەدا بوایێن بەڵام کاتێک ئەو لێکدانەوانە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی سیستمێکی دەسەڵاتداری وەک کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ کە لە وەها سیستمێکدا بەرەوپێشچوون و وەرگرتنی پێگەی ئینسانی بۆ ژنان زۆر ئەستەمە. چوونکە ڕێگاکانی پێشکەوتنەکانی ژنان بە یاسا دادەخرێ. ئەوە ڕوونە ئەگەر پشتیوانی یاسا نەبێ هیوایەکیش بە بەرەوپێش چوونی دۆخی ژنان لە کۆمەڵگەدا نابێ. لە هەموو وڵاتێک یەکەمین هەوڵەکانی ژنان بە یاسایی کردنی مافە ئینسانیەکانیانە واتا یەکەمین دەرگا کە بە ڕووی ژنان دا دەکرێتەوە بۆ بەشداریان لە کۆمەڵگادا. بۆیە دۆخی ژنان لە ٤٤ ساڵی ڕابردوودا نەک بەرەو پێش نەچووە بەڵکو بۆ دواوە گەڕاوەتەوە ئەگەر لە بوارێکیش دا پێشکەوتنێک بۆ ژنان هەبووە بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان خۆیان بووە. چوونکە کۆماری ئیسلامی هیچ کات نە لە بەرنامەی دابووە نە ویستوویەتی ژنان لە بواری سیاسی دا بەشدار بن و کاریگەرییان هەبێ. بە دڵنیاییەوە بەشداری سیاسی ژنان پێش هەموو شتێک دەبێتە هۆی گەشەی فەرهەنگی و بەرز بوونەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە ئەوەی کە لەگەڵ تەواویەتی کۆماری ئیسلامی لە دژایەتی دایە. بۆیە ئەو سیستمە بە یاسا بەشداری سیاسی ژنان بەرتەسک دەکا.

**٢- ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بەشداری کردن لە بازنەی سیاسەت لە ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

هەر وەک لە وڵامی پرسیاری پێشتر دا باسم کرد ژنان لە نواندنی ڕۆڵی سیاسی لە ئاستی بەرزدا لە کۆماری ئیسلامی بە یاسا بێبەش کراون لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی گرینگترین بەشداری سیاسی ژنان دەنگ دانە. ئەویش دەنگ دان بەو پاڵێوراوانەی کە بە فیلتەرەکانی خۆیان دا تێپەڕبوون واتا ئەو کەسانەی کە لە کۆتایی دا هیچ کاریگەرییەکیان لە سەر دۆخی ژنان نییە. کۆماری ئیسلامی ئەوە دەزانێ هەر بەشدارییەکی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی دەتوانێ هاوکێشەکان بگۆڕێ بۆیە بە ڕاستی لەو بەشدارییە دەترسێ. دەبینین لە شۆڕشی ژینا لە ساڵی ڕابردوودا بەشداری و بە دەستەوەگرتنی گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان لەلایەن ژنان چەندە کاریگەری لە سەر ئەو کەشە سیاسییە هەبووە کە هەتا ئێستاش بە سەر بیر و ڕای گشتی ئێران دا زاڵە. فەزای سیاسی کۆمەڵگە بە شێوەیەک گۆڕاوە کە زەحمەتە بۆ دواوە بگەڕێتەوە. بەشداری ژنان لە شۆڕشی ژن ،ژیان، ئازادی و کاریگەر بوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بەشدارییە بناغەی فەرهەنگی بە کەم گرتن و وەبەرچاو نەگرتنی ژنانی کردە ئامانج و بیروڕای گشتی کۆمەڵگە بۆ پشتیوانی لەو بەشداریە بۆ لای خۆی ڕاکێشا و هێزێکی دیکەی وەبەر گۆڕانکاریەکانی داهاتووی کۆمەڵگە هێناوە و هیوای زیاتری بۆ یەکسانی مرۆڤی لە ئێران دا درووست کردووە.

**٣- ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێک لە یاساکانای کۆماری ئیسلامی ئێران بدەینەوە دەبێ یەکەم جار بزانین کە ئەساسەن لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا مافەکانی ژنان بە گشتی جێگیر کراون؟ ژنان خودی مافن لەو یاسایانەدا؟ بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ژنان تا چ ڕادەیەک توانیویانە بێنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتدا؟**

یەکسانی و دادپەروەری لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی دا جێگای نابێتەوە. کاتێک ژنان بە یاسا لە مافە ئینسانییەکانیان بێ بەش دەکرێن دەبێ چ دۆخێکیان هەبێ لە نێو ئەو هەمووە یاسا چەوسێنەرەی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ژنان، کە بە هەموو شێوەیەک ژن پەراوێز دەخا چ گۆڕەپانێک ماوە کە ژنان تێیادا بەشدار بن و مانۆڕی تێدا بدەن بۆ گۆڕانکاری. بەشداری سیاسی ژنان لە سیاسەتدا بە بوونی کۆماری ئیسلامی بە جۆرێک ڕەوایی دانە بە چەوسانەوە و پەراوێز خرانی خۆیان. بۆیە ئەگەر ژنان بیانهەوێ گۆڕان درووست بکەن و لە گۆڕەپانی سیاسی ولاتدا بەشدار بن تەنها یەک ڕێگایان لە بەردەم دایە ئەویش بەرەنگاربوونەوەی ئەو یاسایانە و گۆڕینی بنەڕەتی ئەو سیستەمە لە ئێران دایە. چوونکە چوار دەیە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێمان دەڵێ کە هیوایەک بە بەشداری درووستی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران نییە کە بە گشتی کاریگەری لە سەر دۆخی ژنان هەبێ.

**٤- پێمخۆشە ئەم پرسیارەش بکەم کە ژنان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەتوانن بۆ هەموو پۆستێک خۆیان کاندید بکەن؟ بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کارایان لە سیاسەتدا هەبێ؟**



یەکەم ئەوەی کە بە پێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی کاندیدا بوونی ژنان بۆ هەموو پۆستە سیاسیەکان بەربەستی بۆ درووست کراوە و ناتوانن ئەو پۆستانە وەربگرن. دووەم ئەوەی کە ئەو سیستەمە کە بەو شێوەیە باسی دەکەین، ژنان چۆن ڕۆڵی کاریگەریان دەبێ ئەگەر لە خزمەت ئامانجە سیاسیەکانی ئەو سیستەمە نەبێ؟ چوونکە ئازادیەک بۆ چالاکی ژنان و کردنەوەی درگایەک بۆ گفتوگۆی کۆمەڵایەتی نییە کە ژنان بتوانن بیروڕای خۆیان لە سەر بەشداریان لە سیاسەت و بوارەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە بیروڕای گشتی بگەیێنن. بۆیە ناتوانین بڵێین کە بە بوونی کۆماری ئیسلامی ئەگەر بەشداری سیاسی ژنان بەو شێوەیەی باسمان کرد کارایی دەبێ.

**٥- ئایا ژنان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن لە ناوەندەکانی بڕیاردان دا جێ بگرن؟**

هەر وەک باسم کرد لە سیستمێکی نادیموکراتیکی وەک کۆماری ئیسلامی ئەگەر ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردانیش دابن ناتوانن کاریگەر بن چوونکە دەبێ لە خزمەت ئەو سیستەمە دابن.بۆیە ڕای جیاوازی ژنان جێگای نابێتەوە و ڕێگای پێنادرێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ.

**٦- ئەمەوێ کۆتا پرسیارم بکەم، پێتانوایە بۆچی کۆماری ئیسلامی بە یاسا مافی بەشداری سیاسی ژنان زەوت دەکات و ڕێگری یاسایی درووست دەکات؟ بۆچی ڕێ نادات ژنان بەشداری کارایان لە هەموو جوومگەکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتی لەسیاسەتدا هەبێ؟**

هۆشیاری و بەشداری ژنان لە کۆمەڵگەدا بە جۆرێک کە کاریگەری لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکانی کۆمەڵگە هەبێ، هەمیشە یەکێک لە فۆبیاکانی کۆماری ئیسلامی بووە و هەیە. هەرچەندە لەو بارەدا بە هەڵە نەچوون چوونکە دەبینین کە شۆڕشی ژن، ژیان ،ئازادی ڕۆڵی کارای ژنان لەو شۆڕشەدا چۆن پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەلەرزە خست. بۆیە بە زەوت کردنی مافەکانی ژنان دەیانهەوێ ڕێگەی ئەو ڕۆڵە کاریگەرییەی ژنان لە سەر گۆڕانکارییە سیاسیەکان لە ئێران بگرن بەو شێوەیە بە کردەوە زیاتر لە نیوەی حەشیمەتی ولات لە مەیدان دەر کراوە.

**زۆر سپاس خاتوو فاتمە عوسمانی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشداری لەو دیمانەیە**

سپاس بۆ ئێوە و بۆ گۆڤاری «ژنان»یش

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شوێندانەریی کۆماری کوردستان لەسەر خەباتی نەتەوایەتیی ژنان



شەونم هەمزەیی



لەمێژ ساڵە بزووتنەوەی مافخوازیی ژنان لە ئێران چ لە چوارچێوەی تاک و سەربەخۆ و هەم لە شێوەی ڕێکخراو و کەمپەیندا ئەمری واقعە و لە ڕاستیدا وەک هێزێکی شوێندانەری کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخا.

ئەم ڕەوتە لە کوردستان هەم لە مێژە دەستی پێکردوە و هەم ژنانی کورد ڕچەشکێنی زۆر لەو تابۆشکێنییانەن. لەمێژ ساڵە ژنان لە کوردستان بەشێکی دانەبڕاو لە چالاکییە مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانن و لە ڕێکخستنی بۆنە و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان، لە گرینگیدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی دیار و تەنانەت لە هەندێ بواردا پێشەنگن و لەمێژە سەلماندوویانە کە شوناسخواز و مافویستن و لە مەیدانی کردەوەشدا خاوەن کەسێتیی بەهێز و شوێندانەر و بەفیکر و خەللاقن کە بێگومان لەو نێوەدا شوێنپەنجەی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات بە ڕوونی دەردەکەوێ.

یەکێک لە شانازییەکانی کۆماری کوردستان بۆ ژنان، بەخشینی هوویەت و شوناسێکی دی بە ژنان بوو. بەزۆرەملی کردنی خوێندن بۆ کچان، دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان و بەشدارکرنیان لە گەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەرگای دنیایەکی نوێی بەڕووی ژناندا کردەوە.

کۆمار لەڕووی بەشداریی ژنان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا پلەی زۆر پێشکەتووخوازانەی هەبووە و ئەوەش تەنیا وەک دروشم ناکرێ ببیندرێ، نموونەکەشی دوو خاڵی گرینگە، یەکەم کاتێک باسی بەشداریی ژنان لە سیاسەتدا دەکا کەمتر لە دوو مانگ دوای کۆمار یەکیەتیی ژنان دادەمەزرێنێ. دووهەم ئەوەیکە یەکێک لە بنەماکانی کۆمار هاندانی خەڵکە بۆ ناردنی کچان و کوڕان بۆ قوتابخانە و دەرس خوێندن؛ بە واتایەک کۆمار ڕێگای خۆپێگەیاندن بۆ کچان وەبەرچاو دەگرێ و لەو بوارەشدا کاتێک ئاماژە بە دیاریکردنی سزا دەکا بۆ ئەوانەی سەرپێچی لەو بڕیارە دەکەن، خۆی مانای ئەوەیە کە ئەم بڕیارە وەک دروشم نابینێ؛ بەڵکوو مەبەستی پەروەردە و گەشەسەندنی کۆمەڵگەیە. کۆمار بە بیانووی دواکەوتوویی کۆمەڵگە ناترسێ لە بڕیاردان و ناڵێ ئەوە بۆ کۆمەڵگەی کوردەواری زوویە. کاتێک لە پێشەوا سەبارەت بە مافی دەنگدانی ژنان پرسیار دەکرێ، تەواو بە ئەرێنیی وەردەگرێ.

هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کۆکردنەوەی ئەوان لە ساباتی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژناندا، یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی کۆمار و شوێندانەرترین دەسکەوت بووە لە سەر مێژووی بزووتنەی ژنانی کورد. هەبوونی ژن لە دامودەزگای بەڕێوەبەری و ناوەندی بڕیاردانی هەر وڵاتێک بەستراوەتەوە بە جێگە و پێگەی ژن کە لە نێو کۆمەڵگەی ئەم ولاتەدا هەیە. لە کوردستانی ئەو کاتی ئێمەدا، ژن جێگەوپێگەیەکی تایبەتی لە نێو کۆمەڵگەدا نەبووە، بێجگە لە ڕۆڵی دایکێکی دڵسۆز، هاوسەرێکی بەوەفا و، خوشکێکی باش و یان ژنێکی سەرسپی و جێگای ڕێز، بۆیە ئۆرگانیسەکردن و بەڕێکخراوەیی کردنی ژنان لە کەش و هەوای ئاوا داخراو نیسبەت بە ژنان کارێک و هەنگاوێکی ئاسان نەبووە، بەڵام پێشەوای نەمر بۆ جێخستنی ئەم دەستپێکە لە بنەماڵەی خۆیەوە دەستی پێکرد.

لەگەڵ ئەوەی کۆمار ڕووخسارێکی پیاوانەی هەبوو، بەڵام دەبێ دان بەم ڕاستییە دابنێین کە کۆماری کوردستان دەرگای ڕووناکیی بە ڕووی ژنی کورددا کردەوە و ژنی کورد دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان و هەروەها

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گۆڕانی شێوەی ڕوانینی کۆمەڵگەی کوردەواری نیسبەت بە ژن وەک دەستپێکی ڕێگایەکی دوور و درێژ بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای خۆیان، بە دەسکەوتی کۆماری کوردستان دەزانن.

گوتاری سەرەکیی کۆماری کوردستان شوناسخوازیی نەتەوەیی بووە کە بووەتە هەوێن و چرای بزووتنەوەی سیاسی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و کاتێک کە کۆماری کوردستان بە گوتاری شوناسخوازیی نەتەوەیی یارمەتیدەری دامەزراندنی ڕێکخراوی ژنان دەبێ، بە دڵنیایەوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیەش شویندانەریی ئەم گوتارەی نەک هەر پێوە دیارە بەڵکوو بووەتە گوتاری سیاسیی ئەم یەکیەتییەش و هەر لە سەرەتای هاتنەدەرێی ژنی کورد لە ماڵ بۆ کاری ڕێکخراوەیی تا ئێستا دوو ئامانجی پێکاوە، یەکیان ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆی بەڕێوە ببا بۆ گەیشتن بە ڕزگاری نەتەوەیی، ئەوەی دیکەیان دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی لە نێو کۆمەڵگەدا. ئەم دوو ئامانجە ئێستاش سەرنجی ژنی کورد ڕادەکێشێ و درێژەدەری خەباتی پێگەیشتن بەو دوو ئامانجەن. بۆیە نەوەکانی دوای کۆماریش وەک هەموو ڕەوتی دیکەی ژیان لە هەلومەرجی تایبەتدا گۆڕانکارییان لە شێوەی تاکتیک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان هێناوە، بەڵام لەم ئامانجە پیرۆزەیان دوور نەکەوتوونەوە.

لەگەڵ ئەوەی ژنی کورد لە ناوەندی بڕیارداندا کەمن، لەگەڵ ئەوەی هەبوون و بەشداربوونیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی، زانستی و ڕاگەیاندن لە پیاوان کەمترن، بەڵام ژنی کورد خۆی پێگەیاندووە، ژنی کوردی ڕووناکبیر، ئاکادێمیسێن، سیاسی، ناسیۆنالیست، فێمێنیست، سێکۆلار و بەڕێوبەر هەیە؛ کەواتە دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەمڕۆ ژنی کورد لێدوان دەدا و لە سەر باسێک ئانالیزە و لێکۆڵینەوە دەکا، نە فێرکراوە و نە کۆپی دەکا؛ بەڵکوو لە ئاست توانایی و پێگەیشتنی خۆیدا قسە دەکات. ژنی کورد، پێش هەموو شتێک ئەگەر خۆی بە کورد پێناسە کرد و شانازیی بە کوردبوونی خۆی کرد، ئەرکێکی تایبەتی لە پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەی نوێ دەکەوێتە سەر شان. شوێندانەریی گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردستان هەر بۆ نیوەی کۆمەڵ واتە ڕەگەزی پیاو نەبووە، بەڵکوو بۆ هەموو کۆمەڵگە بووە، بۆیە ژن لە دەربڕین و هەستپێکردنی ئەم گوتارە نەتەوەییە بێبەش نەبووە. شوناسی ژنی کورد شوناسی کوردی ڕەسەنە، بەڵام هاوکات خۆی لە تێگەیشتنی چەمکە زانستییەکانی دیکەی گرێدراو بێبەش نەکردووە و ژنی کورد زۆر باشتر لە پیاوانی کورد توانیویەتی چەمکی بایەخداری وەک ناسیۆنالیزم، فێمێنیسم و سێکۆلاریزم لە شوناسی خۆیدا بە یەکەوە ببەستێتەوە.

ئەو ڕەوتە لە دوای کۆماری کوردستان و بە درێژایی مێژووی حیزبی دێموکرات و خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر درێژەی هەیە و خەبات بۆ وەدیهێنانی ویستەکانی ژنان درێژەی هەیە؛ ئەمەش لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت لە دەیەی کۆتاییدا بەتەواوی بەرچاوە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە زۆر بواردا تەنگی بە بەشداریی ژنان هەڵچنی، لە بواری سەپاندنی پۆشتەبوون، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خۆدیتنەوە لە کایە سیاسی و ئابوورییەکاندا. ئەو قۆرغکردنە سیستماتیک، واتە بەپێی یاسای نووسراو و نەنووسراو بوو بە کلێشەیەک و لادان لەوان تابۆشکێنییەک کە تێچووی زۆری بۆ ژنانی لادەر و تابۆشکێن هەبوو.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی زراوی چووە لەوەی بەهۆی پێشەنگایەتیی ژنانەوە و مەیدانداریی لیدێر و کەسایەتییە دیارەکانی بزاوتی ژنانەوە، ماتەوزەی شاراوە و نووستووی نیوەی کۆمەڵگە ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕانکارییەکان.

ژنان لە خەزەڵوەردا بە بەشداریی بەرینیان لە خۆپیشاندانەکاندا و لە ڕەوتی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی و لە دوای شۆڕشیش دەریان خست کە ترسی ڕێژیم لەخۆڕا نییە، چونکە ژنان نەک وەخۆ هاتوون؛ بەڵکوو هاوار دەکەن کە چیدی قایل بەو پێناسەیە نین دەسەڵات بۆی کردوون و ماف و داوای خۆیان هەیە و ئامادەن باج و تێچووشی بۆ بدەن. ئەوان بە سووکایەتی بە شعووری خۆیانی دەزانن کە لەلایەن دەسەڵاتەوە و لە ڕوانگەی کلێشە ئایینی و چوارچێوە قانوونییەکانەوە وەک ڕەگەزی لاواز بناسرێن کە توانای بڕیاردان لەسەر چارەنووس و ڕاوەستان لەسەر لاقی خۆیانیان نییە. ئەوان نایانەوێ چیدی ڕەگەزی دووهەم، هاووڵاتیی پلە چەندەم و نوقستان لەڕووی عەقڵ و ڕامانەوە بن! ئەم دەنگ هەڵبڕینە و ئەم هاتنە مەیدانە بەرهەمی زیاتر لە چوار دەیە سەرکوت و پاشگوێخستنە، لێکەوتەی زیاتر چوار دەیە هەڵاواردن و نەدیتنە و ئەوان پشکۆی گەشاوەی بن خۆڵەمێشی بیرچوونەوەی دەیان ساڵەن. ژنانی نێو گۆڕەپانی نارەزایەتییەکان فریوخواردووی وڵاتانی بیانی نین، بەڵکوو گڕکانی وەڕێکەوتووی زیاتر لە چوار دەیە کپکراوی مافویستیی نیوەی کۆمەڵن.

ئەمڕۆکە ماتەوزەی پەنگخواردووی زیاتر لە ٤٠ ساڵ سەرکوتی ژنان خراوەتە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی بەرگژە دروستکردن بۆ ڕێژیمێک کە تا سەر ئێسقان دژی ژن و مافەکانیەتی. ژنان لێ براون کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە گۆڕینی چارەنووسی خۆیان و ئێراندا هەبێ و لەم مەیدانەشدا براوە و سەرکەوتوو دەبن.

**ئەمڕۆکە ماتەوزەی پەنگخواردووی زیاتر لە ٤٠ ساڵ سەرکوتی ژنان خراوەتە ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی بەرگژە دروستکردن بۆ ڕێژیمێک کە تا سەر ئێسقان دژی ژن و مافەکانیەتی. ژنان لێ براون کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان لە گۆڕینی چارەنووسی خۆیان و**

**لەمێژ ساڵە ژنان لە کوردستان بەشێکی دانەبڕاو لە چالاکییە مەدەنی، فەرهەنگی، ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانن و لە ڕێکخستنی بۆنە و ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان، لە گرینگیدان بە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی دیار و تەنانەت لە هەندێ بواردا پێشەنگن و لەمێژە سەلماندوویانە کە شوناسخواز و مافویستن و لە مەیدانی کردەوەشدا خاوەن کەسێتیی بەهێز و شوێندانەر و بەفیکر و خەللاقن**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



حەسەن حاتەمی

# یادێک لە
## حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان

**پێشەکی**

لە دوایین ساڵەکانی نەمانی دەسەڵاتی پەهلەوی یەکەم (ڕەزا شا) و لە ساڵی ١٣١٨ (١٩٣٩) دا، کە گەرمەی شەڕی ماڵوێرانکەر و پڕ خوێن و پڕ تێچووی دوویەمی جیهانی بوو، بە هیممەتی بیرمەندان و چالاکانی سیاسیی و بەهەستی دەروەستی مافی گەلان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێستا ( کوێستانی ئەوکات) و دەروبەری، حیزبێک بە ناوی حیزبی ئازادیخواز (ئازادیخوازان)ی کوردستان پێکهات.

لە ٢٨ خاڵی «مەرامنامە»ی ئەو حیزبە دا، پێکهێنانی دەوڵەتێکی جمهووریی لە نێوان سێ گەلی کورد، تورکی ئازەری و ئەرمەنی باسی لێکراوە و هەوڵیی بۆ دراوە.

دوای سێ ساڵ تێکۆشان و سەرنەکەوتنی ئەو بیرە، ئەو حیزبە نەما. بەڵام ژمارەیەک لە خەباتکاران و تێکۆشەرانی کوردی نێو ئەو حیزبە بە پێی هەل و مەرجی ڕووداوەکان و کاریگەریی حیزبی هیوا، لە باشووری کوردستانی ئێستا ( گەرمێنی ئەو کات)، ڕێکخراوێکی دیکە بە ناوی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» کە بە ناوی کورت کراوەی (ژێ کاف) پتر دەناسرێ، لە ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢١ (٢٦ ی ئاگۆستی١٩٤٢) تێکۆشانی دەست پێکرد، کە ئامانجی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کورد لە هەر چوار بەشی دابەشکراوی کوردستان بوو.

سێ ساڵ لە تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە میللی – مەزهەبییە تێپەڕی. خەڵکانێکی زانا، هەڵکەوتە و دڵسۆز هاتنە نێو ئەو ڕێکخراوە کەیەک لەوان قازی محەممەدی بلیمەت بوو. ئەو ڕێکخراوە پتر نهێنی بوو.

سێ ساڵ دواتریش لە ٢٥ ی گەلاوێژی ١٣٢٤ (١٦ ئاگۆستی ١٩٤٥ ) دا، لەسەر ڕێبازی جەوهەریی ژێ کاف، حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرا.

لە ماوەی پتر لە پێنج (٥) مانگ دا، حیزبی دێموکرات، کۆنگرەی یەکەمی خۆی گرت و کەسێکی بلیمەت و زانا و بەبیر و کردەوەی ژیری وەک: نەمر قازی محەممەدی بە پێشەوا و ڕێبەری خۆی هەڵبژارد. ئەویش بە ڕا و تەگبیر لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی کە تێکۆشانی ئاشکرایان بە شێوەی تا ڕادەیەکی زۆر بەرفراوان لە گۆڕەپانی بەشێک لە خاکی کوردستانی کوێستان (ڕۆژهەڵاتی ئەمڕۆ) کە دەسەڵاتی ناوەندی پەهلەوی دوویەم (محەمەد ڕەزا شا)ی تێدا نەمابوو، و تا ڕادەیەکی بۆشاییەک لە نێوان سۆڤیەتی پێشوو و بریتانیا دا، هەبوو، کۆماری کوردستانیان لە ٢ ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦) لە پێتەختی مەهاباد (سابلاغی پێشوو) دامەزراند.

ئەوە لە حاڵێکدابوو، کە ئێران لە ساڵی ١٣٢٠ دەسەڵاتی پەهلەوی یەکەم(ڕەزا شا) ی نەما و سەرەڕۆییەکەی ڕووخێندرا، چوونکە لایەنگری ئاڵمان بوو. کوڕە لاوەکەی محەممەد ڕەزا لە جێی کرا بە شا. ئازادییەکی ڕێژیی هاتە ئاراوە. دواتر کۆنفڕانسی تاران کە لە ٦ هەتا ٩ ی سەرماوەزی ١٣٢٢ (٢٨ ی نۆڤێمبەری١٩٤٣) دا، کە لە نێوان بەرەی موتەفیقین (یەکیەتیی سۆڤیەتی، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا) و بەشداریی ژۆزێف ستالین، وینستۆن چرچیل و فرنکلین دلانۆ ڕوزڤڵت، بە نهێنی لە بەر تێرۆری ئەو سێ ڕێبەر لە لایەن ئاڵمانەکان کە دەستوورەکەی بۆ ئێجرا بە سەرهەنگ کۆنراد زینر درابوو، بە نهێنی و بێ ئیزنی دەسەڵاتی لاوازی ناوەندی ئێران لە باڵیۆزخانەی یەکیەتیی سۆڤیەتی گیرا.

لە دابەشینی جۆرێک دەسەڵاتی نیزامیی دیفاکتۆی ئەو بەرەیە لەنێو ئێران دا، کە ناوی «پردی سەرکەوتن»یان لێنا، ئەمریکا و بریتانیا پتر لە بەشی باشوور و ڕۆژئاوای باشووری جێگر بوون یا مەیدانی دەسەڵاتیان دیاری کرابوو، بەشی زۆری باکووری ئێران و بەشێکی مام ناوەندەی لە ڕۆئاوای باکووری دا، لە ژێر جۆرێک دەسەڵاتی نیزامییەکان یەکیەتیی سۆڤیەت، بە شێوەی دوور و نیزیک بوو. یانی لە ڕاستی دا لە کوردستانی کوێستان، بە شێوەی دێفاکتۆ بە دوو بەش دابەشکرا.

هەروەها لە کونفرانسەکەی تاران بڕیار درابوو و ئیمزا کرابوو، کە ٦ مانگ دوای تەواوبووبی شەڕی دوویەمی جیهانی، نیزامییەکانی ئەو وڵاتانە ی ناویان برا، ئێران بە جێ بێڵن.

بە هۆی دابەشین ئیداری زەمانی دەسەڵاتی ڕەزا شا، پارێزگەی سێیەم بوو بە ئازەربایجانی. ڕۆژهەڵات و پارێزگەی چوارەم ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە تورکی ئازەری و کوردن، دوو حکوومەتی نوێی میللی ئازەبایجان و کۆماری کوردستان بە پشتیوانی یەکیەتیی سۆڤیەت یان تێدا دامەزرا.

لە حکوومەتی میللی ئازەربایجان کە لە ٢١ ی سەرماوەزی ١٣٢٤ (١٩٤٥) دامەزرا، هەڵبژاردنی شووراکان بۆ بەڕێوەبەریی شار و گوندەکان وەک بەشێکی گرینگی دەسەڵاتی گەلی ئەنجام درا و بۆ یەکەم جار، ژنان و کچانی عەزەب (١٨ ساڵ) مافی دەنگدان و بەربژێریان لە جوغرافیای ئێران دا، وەدەست هێنا.

لە کوردستانیش ٥٢ ڕۆژ دوای دامەزرانی حکوومەتی میللی کوردستان، حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان دامەزرا.

***

### حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان

کۆماری کوردستان خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی نەتەوەی دابەش و بێ ماف کراوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە کە ئێستاش دوای تێپەڕین لە نیزیک چارەگە سەدەیەک، لە سەدەی ٢١م دا، و ٧٧ ساڵ خەبات تێکۆشان دوای کۆماری کوردستانی پڕ ئەزموون و بەڕێوەبەریی سەرکەوتوانەی دا، نەخشە ڕێگەی بەشێک لە کوردەکان بە گشتیی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتییە.

لەو کۆمارە ساوا ١١ مانگییە دا، بۆ زۆربەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیی ئارایی ئەو کاتی کە لە چوارچێوەی جوغرافیای حکوومەتی میللی کوردستان دا، دەژیان بەهەستی خەستی دڵویستی دەروەست دا، لە ژێر سێبەریی پێکەوەژیانی پێکهاتەکانی و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ژێرخانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی، سپای بەرگری میللی (پێشمەرگە) دا، بە یەکگرتوویی و لە دروست کردنی کیانێکی کوردی دا، بە دڵ و بە گیان بەشدار بوون.

بەڕێوەبەری و یاساکان بە هۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان خوڵقێنەری حکوومەتی جمهووری کوردستان،

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەردەچوون و لە ڕێگەی هەیئەتی دەوڵەت و ژێر کۆییەکەی ئیجرا دەکران. کە وابوو ئەوە حیزب و بەرنامە باشەکانی بوون، کە بەڕێوەبەری کۆمەڵگەی نوێی بوو.

ژنان و کچان کە بەداخەوە لە کۆمەڵگەی تەواو سوننەتی، عەشیرەتی، نەخوێندەوار و مەزهەبی دا، ژیانێکی زۆر نا یەکسان و پڕ کوێرەوەری لە نێو ماڵ و بە توندی لە ژێر جۆرێک فەرمان و مڵکییەتی پیاوان و کوڕان دابوون، مشوورێکی مەزنیان لە ژێر بیری ژیری سەرکۆمار و هاوبیرانیان دا، بۆ خورا و ژمارەیەکێش لە ژنان وکچان بە وزە و توانایی مەزن هاتنە مەیدان و حیزبی دێمۆکراتی ژنانی کوردستانیان بە ڕێبەری یایی مینا قازی (ئەسکەندەری) لە پڕۆسەیەکی یەک حەوتوویی دوای ٨ ی مارسی ١٩٤٦ دا، یانی ٢٤ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ (١٥ ی مارسی ١٩٤٦) لە مەهاباد دامەزراند.

لە ٨ی مارس دا، یەکەم کۆنفڕانسی ژنان و کچان کە نوێنەری گەڕەکەکان و دەڤەری مەهابادی پێتەخت، لە بەشدارە گرینگەکانی بوون، گیرا. جێی سەرنجە کە جگە لە نوێنەران شار و دێ، لە گەڕەکی جوولەکەکانیش نوێنەریان،؟ ...ماوزەر بیلال زادە، بەشدار بوو.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان، بۆ یەکەم جار لە خەبات و تێکۆشانی شاراوەی ژنان و کچان و بێ بەشیان لە کۆمەڵگەی نێر سالارەوە بۆ تێکۆشانی ئاشکرا و حیزبی جیاوازی و توێژی خویان، ژمارەیەکی بەرچاوایان لە کوردستانی کوێستان زۆر چالاکانە هاتنە مەیدان.

دوو وشەی «یایا ن»- بۆ ژنان- و «کیژان» - بۆ کچان- ناودێر کران و ژنان و کچان لە بەشە گرینگەکانی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتیی دا، خاوەن پێگەیەکی نوێ و کاریگەر بوون.

دامەزرانی قوتابخای گەلاوێژی کچان لە مەهاباد، دواتر مەدرەسەکانی کچان لە بۆکان و شنو، لە هەنگاوە زۆر گرینگەکان بوون کە خوێندن بە زمانی کوردی بۆ منداڵان، خوێندنی ئێواران بۆ ژنان و کچانی گەورە ساڵیان تێدا دەخوێندران.

ژنان لە مەهاباد کە ئەنجومەنی فەرهەنگیی سۆڤیەت و کوردستانی لێ دامەزرابوو، ئێوارانە بەشداریان دەکرد و سەبارەت بە پێشکەوتن و گیروگرفتە کۆمەڵایەتیی و بنەماڵیی باسیان لە ڕێگە چارەی گونجاو بۆ حەلی کەند و کۆسپ و کەم کردنەوەی ناکۆکییەکان لە ژێر ڕێنوێنییەکانی «حیزبی یایان» و یاسا



دەرچووەکانی حیزبی دێموکرات دەکرد.

بە پێی نووسراوەی شرۆڤە و لێکدانەوەکانی خاتوو «شەهرزاد مجاب» مامۆستای زانستگە لە تۆرێنتۆی کانادادا، لە پێشەکیی کتێبی « ژنان و ناسیونالیزمی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ دا»، سەبارەت بە دامەزران و تێکۆشانی «حیزبی ژنانی کورد» لە دوای کۆماری کوردستان دەڵێ: دامەزراندنی حیزبی ژنانی کورد هەم سیمایەکی مودڕێڕنی دا بە کۆماری کوردستان و هەم « دەوڵەت – نەتەوە» ییەکەی بەهێز کرد.

لە کاتی ڕێوڕەسمی ڕاگەیاندی کۆمار دا، کە ١٦ کەس قسەیان کردووە، ٢ کەسیان ژن بوون. خەجیج مەجدی و پەروانە حەیدەری کە هەردووکیان مامۆستای قوتانخانەی کچان بوون، ئەوان کۆماریان بەرز نرخاندوە و بەشداریی چالاکانەی ژنان و کچانیان لە تێکۆشان دا، زۆر بە پێویست زانیوە.

لە گرتنی جێژن لە مەدرسەی کچان و بانگهێشتنی سەرکۆمار و قسەکانی ئەوان، نیشان دەدا کە ژنان و کچان لە بواری ڕەخسانی خوێندن و خۆ دەرخستن لەو سەردەم دا، چەندە بە توانا و ژیر بوون. بۆ وێنە: قسەکانی کوبرا عەزیمی کە هەم داوا لە یایان و کیژان دەکا، بۆ هاتن بۆ مەدرسەکان پەلە بکەن، ڕەخنە لەو بنەماڵانە و دایک و باوکانە دەگرێ کە کچەکان بۆ فێربوون و خوێندن ئیزن نادەن. ناوبراو لە بەشێک لە قسەکانی دا، دەڵێ: «بەشی مهمی عمری انسان وەختی جوانیە چونکە انسانی جوان [لاو]، شایستەی هەموو کارێکە و فکری وی حاضرە بۆ فیربونی عقل و ادب و دانیش. هر سال و مانگ و روژ و سەعاتیکی کە دەروا انسان قدەم لە میدانی فراوانتر دادەنی. اگر فکری لی بکن چونکە ایمە زۆر لە پاشین کارمان گرانتر و کۆڵمان قورستر دەبی.» و نوێنەریان هەبوو کە یای ماوزەر بیلال زادە بەشدار بوو، هەروەها، یای مەزرە بلەزادەی، مەرمەنی، لە بەشێک لە قسەکانی دا کوتبووی: «خوشکە خۆشەویستەکانم، زۆر جیگای شوکرانەیە کە ئێمە و کچە کوردەکان دەتوانین بە آزادی زمانی خومان بنوسین و بخوینین. هەموو دەبینن رۆژی لاوەکان و کچە کوردەکانمانە بۆ پەرەیی دانی معاریف و مخصوصا بو ئەوەی کە کورد دونیا بیناسی دەقەیک لە هەر کاریکی کە پیش کەوتنی میللتی کوردی لی پیدا بی رانەوستن. رەجا دەکەم لە خوشکە خوشەویستەکانم لە ناردنی کچی خۆیان بۆ مەدرەسە تەقصیر نکن،» پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە خاتوو شەهزاد مەجاب، باس لە «حەیران خانمی دونبلی شاعیر» کە لە گۆڤاری نیشتیمان ژمارەکانی ٢٩ و ٣٠ ی کە لە ١٩٤٣ و ١٩٤٤ دەرچوون و کاریگەریی باشییان لە شێعرێکی کە گفتوگۆی خۆشک و برایەک سەبارەت بە خوێندن، تێگەیشتن و پێگەیشتن دەکا، یەک لەو کاریگەریە باشانە بوو.

لە دیهات ژنان و کچان بە چنینی دەستەوانە، کڵاو و سەرکڵاوە، بلووز و پوزلەخ، یارمەتیی پێشمەرگەکانیان داوە کە لە شەڕی نەخوازراو و بە سەرداسەپاوی دەسەڵاتی ناوەندەی لاوازی تاران کە لە بەرانبەر بیانییەکان و هێرش و داگیرکرانی ئێران، ناتوانێ کردەوەیەکی ئەوتۆ لە خۆ نیشان بدا، بەردەوام هەوڵی ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجانێ دەدا. شەڕی مەحمەشە، سەردەشت، بە تایبەتی لە سەرای سەقز و دەرووبەری دا، کە بەشێکی لە کتێبی «کورد بوون ی کاپیتان حەمەدی مەلوودی» یش دا هاتوون و هێرش لە تارانەوە و گەڕانەوەی لە نیزیک قافڵان کێوی قەزوێن، لەبەر بوونی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠ ژنان No: 64
Womens, April 2024

هێزی سۆڤیەتییەکان، بەشێک لە ئاکارە، شەڕخوازانەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بوون.

لە سەر وەزعییەتی حەشیمەت لە مەهاباد و ڕادەی خوێندواری زنان و پێشکەوتنیان دوای دامەزرانی حیزبی ژنان خاتوو شەهزاد دەنووسێ: بو پێی ئاماری دەوڵەتی حەشیمەتی شاری مەهاباد لە دواین ساڵی ١٩٤٨ نیزیک ١٦ هەزار و ٤ سەد و ٥٥ (١٦،٤٥٥) کەس بووە. ڕادەی ٨١٨٩ کەسیان ژن و ٨٢٦٦ کەس پیاو بوون. ڕادەی خوێندەوارەکانی ژنانی گەورە ساڵی (١٥ سال و سەرووتر ) لە ساڵی ١٩٤٦ دا ٤٪ پتر نەبووە. زۆربەی خوێندورەکانیش لە مەدرەسەگەلێکی کە لە ساڵی ١٩٣٠ وە دامەزا، خوێندنیان دەست پێکردبوو. بەڵام لە زەمانی کۆمار دا، ئەو ڕێژەیە بەرەو سەر دەچێ کە دەسەڵاتی ناوەند نکوولی لێ دەکا.

هەروەها ئاماژە بە یەکسانی ژن و پیاو کە لە هەموو بەشەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دا، بە پێی فەسڵی چواری خاڵی ٢١ ی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک: خاڵێکی زۆر گرینگ و بنەڕەتی، دەکا.

لە دوای ساوا کوژکردنی کۆمار و سەدارکردنی پێشەوای مەزن و هاوڕێیان حەمە حوسێن خانی سیفی قازی و ئەبولقاسمی قازی و پێشتر و دواتریش ژمارەیەک لە سەقز مەهاباد ، بۆکان و دەروروبەری نەغەدە و سەردەشت گیانیان لێ ئەستێندرا. بەرجەسترین خاڵی خۆڕاگری ژنان، داستانی «شێرە ژن» ی زێڕەوشان خاتوونی دایکی سێ سەرداری شەهید لە ١١ کەسەکەی سەقزە، کە لە بەرانبەر گزیرەکان (پیاوانی ڕێژیم)، نەگریا و خوێنڕژاندنی کوڕەکانی لە ڕێگەی ئازادی نیشتیمان دا، بە شانازیی زانی.

پێویست بە ئاماژەیە کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە؛ ئێران، تورکیەی و یونان وەک شوێن گەلی ستراتێژی بۆ دانانی پێگەی نیزامی یا کەلک وەرگرتنی لە بەرانبەر یەکیەتی سۆڤیەتی بۆ پێشگرتن لە بیری چەپ و عەداڵەتخوازی لە ڕۆژئاوی ئاسیا بوو، کە لە چوارچێوەی «ئەسڵی چواری ترۆمن» و شەڕی سارد و هەڕەشەی لێدان لە سۆڤیەت بە بۆمبی ئەتۆمی لە چەشنی ژاپۆن و توندتریش، ئەو پێکهاتە کۆمارییە و گەلییان لە کوردستان و ئازەربایجان ڕووخاند.

حیزبی ژنان کە بە ڕێکخراوی ژنان و یەکیەتیی ژنانیش باسی کراوە و ٣٢ ساڵ دوای دەسەڵاتی سەرەڕۆی محەممەد ڕەزا شا (پەهلەوی دوویەم)، لە تابلۆیەکانی تێکۆشان و خەباتی شێلگیرانە چ لە بیر و هزر و دووبارە کردنەوەی کۆماری کوردستان لە لایەک و چ ئاڵوگۆڕییەکانی دوای کۆنفرانس و کۆنگرەی ٣ لە ساڵەکانی ١٣٥٠ (١٩٧١) و ١٣٥٢ (١٩٧٣)، هەتا نارەزایەتییە بەرفراوانەکانی ساڵی ١٣٥٧، بەتایبەتی لە ١٥ هەتا ١٧ ی جۆزەردان لە نێژرانی تێکۆشەر کاک عەزیز یوسفی، وەک: هێمای خۆڕاگریی و خۆپێگەیاندن لە زیندان دوای ٢٥ ساڵ لە لایەکی دیکە، کە ژمارەیەک لە ژنان و کچان بە شێوەیەکی نوێ بەکاتی خەباتی گەلانی ئازادیخواز و دیکتاتۆڕ نەویست و ئازادیخواز بە قازانجی یەکسانی، دێموکراسی و مافی گەلی کورد لە شکڵی «خودموختاری» دا، هاتنە مەیدان و بەرگی نوێیان بۆ خەبات و تێکۆشان پۆشی و لەدوای سەرکەوتنی خەبات و بەرخۆدانی گەلانی ئێران و بە مێژوو سپاردنی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم، کۆماری ئیسلامی هێنرایە سەر دەسەڵات، کە بەداخەوە زۆر ڕەشتر و خراپتر لە دەسەڵاتی پەهلەوییەکان سەبارەت بە ئازادی، دێموکراسی و مافی گەلانی ئارایی و بەتایبەتی مافەکانی ژنان لە ئێران هەڵسوکەوتی کرد و پتر لە ٤٤ ساڵە درێژەی هەیە.

لەو ماویەدا، ژمارەیەکی زۆر لەژنان و کچان لە ٢٥ ڕۆژ دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی دەوڵەتی کاتی بەهۆی ئایەتووڵڵا خومەینی، کە باسی «ڕووپۆشی زۆرە ملێی» ی هێنایە گۆڕێ، لە ٨ی مارسی ١٩٧٩ (١٧ ی ڕەشممەی ١٣٥٧) لە تارانی پێتەخت و چەند شاری گەورەی ئێران، خەبات و بەربەرەکانیان بە دژی ئەم هەڵوێستە و دروشمی «یا روسری یا تو سری» (یا سەرپۆش یا سەرکوت) گرت و ڕێپێوانی گەورەیان چێ کرد.

لە ساڵی ١٣٥٨ یشەوە قوناغ گەلیی جۆراجۆر هاتنە ئاراوە کە تێیدا، پێشمەرگەی ژن و کچ لە خەبات و بەرخۆدانی بەرگریی کارانە دا، دروست بوو. دواتر یەکیەتیی ژنانی دێموکرات چی کرا و چ لە حیزب و ڕێکخراوە مەدنییەکان دا و چ لە شاخ و شار چالاکبوون، کە نووسین یا ئاماژە پێکردنیان مەبەستی ئەو نووسراوە نییە.

پێویستە ئاماژە کرێ کە لەکۆنگرەی چوارەم دا، کە لە ڕەشەممەی ١٣٥٨ لە مەهاباد گیرا، خاتوو فەوزییەی قازی، کچی یادبەڕێزان پێشوای کوردان قازی محەممەد و یای مینا قازی، کیژی دەورانی دامەزران و تێکۆشانی حیزبی یایان بوو، وەک: یەکەم ژن لە مێژووی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە بۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژیرا.

هەروەها نوستالیژی «شێرە ژن» جارێکی دوای ٧٨ ساڵ لە گیانلێئەستاندنی ژینای بە غەدر مەهسا و جوانمەرگ کراو، بە «قەتڵی حاکمییەتی»، لەبەر کورد بوون، جوان و غەریب بوون، لە ٢٢ ی خەرمانانی ١٤٠١ (١٦ سێپتامبری ٢٠٢٢)، سەقز و گۆڕستانی ئایچی، کە لێی نێژرا، دروشمی ژن ژیان ئازادی و پاشان کۆمەڵە دروشمیکی دیکەی لێ بەرهەم هات و بزووتنەوەیەک چێ بوو کە سەرەتا ڕۆهەڵاتی کوردستان و دواتر زۆربەی ناوچەکانی دیکەی گەلان لە ئێرانی گرتەوەو بە پێشەنگایەتی ژنان و کچان بوو بە شۆڕش و بە جیهانیش بوو. لە درێژەی ئەو شۆڕش دا، کە دەسەڵاتی، مرۆڤ کوژ، منداڵ کوژ، کچ کوژ و «توتالیتێری ئیسلامی سیاسی» گەیشتە لێواری نەمان کە بە ڕژاندنی خوێنی سەدان کچ و ژن و یەک چاو کردن و کەم ئەندام کردنی سەدانی دیکە و گرتنی هەزاران کەس لە هەموو چین و توێژەکان، نەیتوانی وەزع بۆ پێش شۆڕشی ژینا بگێڕێتەوە و لە ١١ ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ دا، دوو بەناو «هەڵبژاردن» ی ئەنجام دا، لەگەڵ بایکۆت و «نا»یەک بەروو بوون کە دەگوترێ ئەمجار «ئیمام بێ ئۆمەت» ماوەتەوە.

بە دڵنیایی دەکرێ بگوترێ خەبات و تێکۆشان بە یەکگرتوویی بەرەو دوورە دیمەنی بەرانبەریی، ئازادی، یەکسانی، دێموکراسی و مافی گەلانی لە ئێران و نەمانی جیاوازییەکان بەدی دەکرێ، کە ژنان و کچان زۆرتر دەبن بە پێشەنگیی درێژە دانی و لە ڕەوتی مێژووی نوێ دا، ڕۆنێسانسی ژن ،ژیان،ئازادی دەبێتە خاڵێکی وەرچەرخانێکی نوێ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا.

سەرچاوەکان:
گووگل، گۆڤاری نیشتیمان، ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکراوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ژمارەکانی ٢٤، ل. ٧، ٢٥، ل. ٣، ٢٧، لاپەڕەکانی ٢ و ٣.
کوردبوون، بیرەوەرییەکانی کاپیتان حەمەدی مەولوودی ساخکردنەوە و بەڵگەمەندکردنی، وریا ماملێ، چاپی سێیەم.
زنان و ناسیونالیزم کوردستان سال ١٩٤٦، شهرزاد مجاب، ترجمەی احمد اسکندری.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# جامانەی خەباتگێڕان و جامانەی مرۆکوژان



ڕەسووڵ سوڵتانی



**دیتمان کۆمەڵێک لەو خۆفرۆشانە جامانەیان کردبووە ملی خۆیان. ئاخر ئەوان دەزانن خەڵکی کوردستان جامانەی وەکوو هێمای خەبات هەڵبژاردووە، هەڵبەت خەبات دژی ڕێژیمی سێدارەی ئیسلامی، هەر بۆیە ئەو هێمایە تەنیا لە مل و ئەستۆی دژبەرانی ئەو ڕێژیمەدا واتا و هێما پیرۆزەکەی دەمێنێتەوە**

خەباتی بندەستان لە ڕەوتی بەردەوامی و بەرەپێشچوونی خۆیدا مۆرکی خۆی لەسەر کۆمەڵێک دیاردە بەجێ دێڵێ و دەیانکاتە هێما. ئەو هێمایانە وردە وردە لە نێو خەڵکدا دەناسرێن و شەقڵی ئەو خەباتەیان لێ دەدرێ و بایەخێکی تایبەتی وەردەگرن کە بەبێ ئەو شەقڵ و مۆرکە وەکوو هەموو کەلوپەل و شتەکانی دیکەی ئەم جیهانە شتێکی ئاسایی دەبوون. یەکێک لەو شتانەی لە سەدەیەک خەباتی کورددا ئەم شەقڵ و مۆرکەی گرتووە، جامانە یان ئاغابانووی کوردەوارییە.

جامانە وەکوو هێمای پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە ناسراوە. لە کوێوە و چۆن ئەو هێمایە دیاری کراوە و کێ بڕیاری لەسەر داوە؟ ئەوەی لە کەس ڕوون نییە. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە هێماکان بە بڕیار دروست نابن و بە بڕیار نابنە هێما بەڵکوو لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا دروست دەبن. وەختێک پێشمەرگە بەتایبەتی جامانە لەسەری دەبەستێ و لە ملی خۆی دەکا و دوور پێشمەرگە بەو جامانەیەوە دەناسرێتەوە بەتایبەتیتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پیاوانی موکریان جاری جاران پێچ و کڵاویان لەسەر دەکرد و لە ناوچەی خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش پێچی پیاوان وەکوو ئەوەی ئێستاش لە مەریوان و هەورامان ماوە قوماشێکی تایبەتە، بەڵام جامانە لەو نێوەدا دەبێتە هێمایەک. هێمای خەباتگێڕان و تێکۆشەرانی ڕێگەی ئازادی. ئاواڵی سەر و مل و شانی پێشمەرگە.

لە هەر وڵاتێک خەباتێک بۆ ڕزگاری لە بندەستی هەڵگیرسابێ ئەو خەباتە هێمای خۆی بەرهەم هێناوە و لایەنگرانی خەبات و خەباتگێڕان ئەو هێمایانەیان بۆ ناسینەوەی یەکتر و ڕەمزی دژایەتیی داگیرکەر بەکار هێناوە، شان بە شانی ئەوانیش نیشتمانفرۆش و خۆفرۆش و خیانەتکاران هەم دژی ئەو هێمایانە وەستاونەوە و بەگژیاندا چوونەتەوە هەمیش ویستوویانە بەکاریان بێنن. بۆ نموونە جاشەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەختێک زانییان ناوی پێشمەرگە لەنێو خەڵکدا بووەتە ناوێکی پیرۆز، وێرای ئەوەی شان بەشانی دوژمنانی کورد شەڕی پێشمەرگەیان دەکرد و بە شەهیدکردنی پێشمەرگە هەمیشە شەڕگەیەک لە پێش داگیرکەرانەوە بوون کەچی ئەم ناوەیان قۆستەوە و بە پاشگرێکەوە بەخۆیانەوە نا و ناوی خۆیان نا (پێشمەرگەی مسوڵمان) بەڵام لە نێو خەڵکدا هەر بە جا پشمەرگەی مسوڵمان ناوبانگیان ڕۆیشت و ناوی پێشمەرگە فریای ناوەرۆکی ڕیسوای نیشتمانفرۆشان نەکەوت.

لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی ئەم نوێنەرانی ڕێژیم بۆ مەجلیسی کۆماری سێدارەی ئیسلامی، دیتمان کۆمەڵێک لەو خۆفرۆشانە جامانەیان کردبووە ملی خۆیان. ئاخر ئەوان دەزانن خەڵکی کوردستان جامانەی وەکوو هێمای خەبات هەڵبژاردووە، هەڵبەت خەبات دژی ڕێژیمی سێدارەی ئیسلامی، هەر بۆیە ئەو هێمایە تەنیا لە مل و ئەستۆی دژبەرانی ئەو ڕێژیمەدا واتا و هێما پیرۆزەکەی دەمێنێتەوە و لە مل و سەری شۆڕی لایەنگرانی ڕێژیمدا دەسبەجێ ڕەنگ و بۆن و مانای ئەو سێدارە و قەمچی و فیشەکانە دەگرێتە خۆی کە جەللادە دژەمرۆڤەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتنی ئازادیخوازان بەکاریان دێنن. کەوابوو هەر ئەو هێمایەی لە شوێنێک پیرۆزە دەکرێ لە شوێنێکی دیکە تەواو مانایەکی پێچەوانەی هەبێ لەبەر ئەوەی مانای جەوهەریی هێماکە بەستراوەتەوە بەو ئاکام و ئامانجەی بەکارهێنەر و هەڵگری هێماکە بۆی تێ دەکۆشی. ئەوانەی خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەوەی ببنە نوێنەری خامنەیی لە مەجلیسی تاران، جامانە لە ملیاندا لە هەموو هێمایەکی مرۆیی بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێتە هێمای سێدارە. ئاخر ئەوان خۆیان پاڵاوتووە تا لە تاران ببنە نوێنەری بیری مرۆکوژانەی خامنەیی. جامانە ئەو بایەخەی لە خەبات و خەباتکاران و لایەنگرانی خەباتی ڕزگاریخوازی وەرگرتووە و تەنیا لەلای ئەوانیش هەڵگری ئەو بایەخ و مانایە دەبێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەک سەبارەت بە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان



مۆژگان عەلیپوور

ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان ٧٨ مین ساڵەی تێکۆشان و خەباتی خۆی تێپەڕاند. ئەو ڕێکخراوە ٥٢ ڕۆژ دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان بە سەرکۆماری پێشەوا قازی محەممەدی یاد بەڕێز دامەزرا. ئەو مرۆڤە بلیمەت و زانایە لەو کاتەدا، بە گوڕوتین مەشوولی دامەزراندنی ئۆرگانەکانی حکومەتی میللی کوردستان بوو، هەستی بە پێویستی بەشداری ژنان لە کاروباریی بەڕێوەبردنی وڵات کردبوو، بۆیە لەگەڵ هاوڕێیانی هاوبیری ڕێنوێن و پشتیوان بوو بۆ ئەوەی «حیزبی دێموکراتی ژنانی کوردستان» لە ٢٤ ی ڕەشەممەی ١٣٢٤ دا، بە بەرپرسایەتیی مینا خانمی قازی (ئەسکەندەری) دامەزرێ. ئەو حیزبە دواتر بە حیزبی «بایان»یش ناوی دەهێندرا. دامەزراندنی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەمڕۆدا، وەک: یەکەمین ڕێکخراوەی ژنان و کچان تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد کە، کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر لە ٩٠٪ی نەخوێندەوار، لە ژێر تەوژمی پیاوسالاری، عەشیرەیی و نایەکسانیدا بوو. بەڵام ئەو هەڵویستەی پێشەوای مەزن دەری دەخا چۆن هەم لە هاوسەری خۆی داوا دەکا، بەرپرسایەتیی یەکەم ڕێکخراوی ژنان وەئەستۆ بگرێ و هەم ژنان و کچان بۆ هاتنەدەر لە ماڵەکان و بەڕێوەبەریی دا، کە شتێکی نامۆ بوو، هان دا و گۆیا : لە کاتی سەفەرەکانی و بەشداریی لە کۆڕ وکۆبوونەوەکانیشدا، کچێکیشی لەگەڵ بووە.

خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوی ژنان لە نیزیک ٨ دەیەی تەمەنی دا، لە یەکەم قۆناغی کاروچالاکییەکانی دا، لە ماوەی بوونی حکوومەتی کوردی و پاڵپشتی یاسا بەسوودەکانی دەوڵەتی جمهووری کوردستان بوو، کە ژنان و کچان، بنێردرێنە قوتابخانە و زمانی دایک بخوێنن و بۆ ئەو مەبەستە بێ ئەوەی جیاوازییەک لەنێوان کوڕ و کچ هەبێ. ژنان و کچان لە ڕۆژنامەی کوردستان بە نووسین و قسەکردن کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ئاماژەیان پێکراوە، نیشان لە پێشکەوتنی خێرای کۆمەڵگەی دواکەتوو ڕاگرتوەکەمان دەکا. هەروەها ژنان و کچان بۆ ڕێکوپێک کردنی کار و چالاکییەکانیان شوڕای گەڕەکیان لە مەهابادی پێتەختی کۆماری کوردستان دروست کردوە، کە جوولەکە و هەرمەنیشی تێدابوو و بۆ یارمەتیدانی هێزی پێشمەرگە (سپای میللی) بە کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی و ئامادە کردنی هێندێک پێداویستی پێشمەرگانە بە چنینی کاری دەستی، زۆر چالاک بوون. بەڕووخاندنی کۆمارە ساواکەی کوردستان بە کردەوەی فێلبازانە و سەرەڕۆیانەی دەسەڵاتی ناوەندی و پشتیوانی زلهێزانی وەک: ئەمریکا و بریتانیا، بەداخەوە قۆناغی یەکەمی خەباتی و تێکۆشانی ژنان و کچان کۆتایی دێ. قۆناغی دوویەم دەگەڕێتەوە و بۆ دەورانی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم (محەممەد ڕەزا شا) کە ئیزن بۆ کاروچالاکی ژنان و کچانی کورد بەشێوەی ڕێکخراوی کوردی نەدرا. بەڵام ئەو ژن و کچانەی لە کاتی بوونی کۆمار دا، چالاک بوون و نەسل (وەچە)ی دواتر لە دەرفەتەکان زیاتر بە شێوەی تاک و جار جار بە کۆ کەڵکیان وەردەگرت. بەتایبەتی لە زەمانی موسەدیق و جووڵانەوی جووتیارانی ناوچەی چۆمی مەجید خان وەک پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکە لە ساڵی ١٣٣١ دا، و چالاکییە فەرهەنگییەکانی دواتر لە بەشداری چیرۆکی شەو لە ڕادیۆ و کۆڕی هەڵپەڕکێ لە تلویزیونی مەهاباد و کێبەرکێی دەنگ خۆشی لە قوتابخانەکان و بەشداریی لە ئۆردووییەکان قوتابخانەکان و خوێندن لە زانستگەکان هەرچەند ردەیان کەم بوو.

ئەو قۆناغە کە سستی و بێدەنگیشی پێوەدیار بوو، هەتا بەهاری ١٣٥٧ و ناشتنی تەرمی نەمر عەزیزی یۆسفی لە مەهاباد و سێ ڕۆژانەکەی کە خۆپیشاندانی توند بەرانبەر بە ڕێژیمی دیکتاتۆر کرا، ژنان هاتنە قۆناغێکی نوێ لە خەبات و تیکۆشان دا. ٧ کچ لە مەهاباد ڕێکخراوێکیان دروست کرد و گۆڤارێکیان دەرکرد. لەوبارەیەدا، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، یەک لە ئەندامانی کۆمیتەی زاگرۆس باس لە ساغکردنەوەی «اتحادیە زنان مهاباد» (یەکیەتیی ژنانی مەهاباد) دەکا. لە سەقز و مەریوان ڕێکخراوی چووکی ژنان و کچان پێکهاتن کە لە ڕێپوانەکان دا، بەشداریی چالاکانەیان هەبوو. لە هەموو ماوەی لە کۆماری کوردستان هەتا ڕووخانی دەسەڵاتی پەهلەوی دوویەم، ژنان و کچانی تێکۆشەران و خەباتکارانی دێموکرات، چ لە باشووری کوردستانی ئەمڕۆ و چ لە کۆمەڵگە و یارمەتیدەری ژیانی زیندانییە سیاسییەکان و بەتایبەتی کاتی بزووتنەوەی ١٣٤٦ – ٤٧ ی پێشمەرگانە، بەشێک لەو خەبات و تێکۆشانەی ژیان، بوون.

**دامەزراندنی ئەو حیزبە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەمڕۆدا، وەک: یەکەمین ڕێکخراوەی ژنان و کچان تێکۆشانی خۆی دەست پێکرد کە، کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر لە ٩٠٪ی نەخوێندەوار، لە ژێر تەوژمی پیاوسالاری، عەشیرەیی و نایەکسانیدا بوو**

قۆناغی سێیەمی کاروچالاکییەکانی یەکیەتیی ژنان لە کاتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بووە. لە چەند شاری وەک: مەهاباد، بۆکان، شنۆ، سەردەشت کۆمیتەی ژنان تێکۆشانی چالاکانەی خۆیان دەست پێدەکەنەوە لە پەنا حیزبی دێموکراتدا ئەندامگیریش دەست پێدەکەن. لەو سەردەم دا، بە بڕیاری حیزب و هیممەتی یەکیەتیی ژنان چەند بابەتی وەک: بە زۆر بەشوودانی کچان، شیربایی وەرگرتن،




ژن بە ژنە پێکردن، چووکە بە گەورە بە مێرددان، قەدەغە دەکرێن. ئەو کردەوە کە بە یاسا کرا و بە جیددی لە بەشی کۆمەڵایەتیی حیزب کاریَ پێ کرا، پاڵپشتێکی باش بۆ ژنان و کچان و بەرەو یەکسانی هانگاونان بوو. ڕێژیمی نوێ و بە تایبەتی دوای داسەپانی کۆماری ئیسلامی، کە زۆربەی خەڵکان لە کوردستان دا، لە ڕێفراندۆم بەشدار نەبوون، گوشاری زۆر خرایە سەر کوردستان و هێرشی نیزامی و سەرانسەریی بۆ کرا، ژنان لە بەشداریی بەرگریکارانە گەلی دا، بۆ دیفاع لە ماف و ئازادییەکان سەرتا لە شارەکان و دواتر دێهاتەکانیش بە ڕیزی پێشمەرگەکان پەیوەست بوون و خەباتێکی دووردوودرێژی چەند لایەنەیان دەست پێکرد، کە ئێستاش درێژەی هەیە. لەو قوناغەدا، کە لە هەر دوو قوناغی پێشوو درێژترە، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاخ و شارەکان، بە گرتنی کۆنفرانس و کۆنگرەکان لە باشووری کوردستان و دەرەوەی نیشتیمان بە گرتنی ٣ کونفرانس و کۆنگرە و پتر لە ١٠ کۆنفڕانس لە کۆمیتەکانی دەرەوە و ئەندامبوون لە شووڕای ئینتر ناسیونال - سوسیالیستی ژنان، بەشێوەی سیستیماتیک و ئۆڕگانایز، کار و چاکاکییەکانی بەڕێوە دەبا. پێویستە بگوترێ: جێگری سەرۆکی ئینترناسیۆنال- سوسیالیستی ژنان لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی نێوراست و قەوقاز دا، بە یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانە.

قۆناغی نوێی یەکیەتیی ژنان لە پاش ڕاپەڕینی ژینا و شۆڕشی «ژن ژیان ئازادی» دا، کە لە ١٦ ی سێپتامبری ٢٠٢٢ (٢٧ی خەرمانانی ١٤٠١) دەستی پێکرد. سەرەتا زۆربەی هەرە زۆری کوردستان و پاشان بەشێکی زۆری سەرانسەری ئێران و داوتر ژمارەیەکی دەیان هەزارکەسی لە تاراوگەی تێدابەشدار بوون، کە خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی ژنان و کچان لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو شۆڕشە کە ڕێژیمی نگریس، مرۆڤ کوژ، مندال کوژ و ژن کوژی ئیسلامی سیاسی بۆ ١٠٠ ڕۆژ و شەو هەژاند. ئەو شۆڕشە ژنانی نەتەوە جیاوازەکان لە ئێران لە خاڵێک دا کۆ کردەوە کە ژن بوونیان بوو، و هاوکات ئەو دەرفەتەی بە ژنی کورد دا، کە بە ڕیشە مێژوویەی کە هەیەتی وتواناییەکانی خۆی نیشان بدا و لەو مەیدانە دا، ویست و داخوازییەکانی بە دیاریی کراوی بێنێتە گۆڕێ و ڕۆڵی پێشەنگیشی هەبێ. مەسەلەی شوناسی خۆی کە جگە لە ئازادی و مافی نەتەوەیی، یەکسانی و جیندری(ڕەگەزی)شە بێنێتە نێو کۆمەڵگەکان و بەتایبەتی میدیاکانە. ئەو شۆڕشە نە تەنیا ژنان، بەڵکوو هەموو هێز و لایەن سیاسیی و مەدەنییەکانیش بیر لە دارشتنەوەی فۆڕمێکی دیکە لە خەبات بکەنەوە هەتا لەگەڵ پەیام و نێوەرۆکی پەیامەکانی ژینا هاوتەریب بن. یەکیەتیی ژنان لە ئێستا دا، لە هەموو کات زیاتر، لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی ژنانی چالاک لەوبوارە دا، بە نیسبەت بەرەوپێشبردنی، پرسی ژنان و کچان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەرکدارە. چوونکە لە کار وتێکۆشانی دا، ئەزموونێکی دیار و بەرچاوی هەیە لە کاریگەریی لە شۆڕشی ژیناش دا، زەق و بەرچاوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



عومەر باڵەکی

# ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان و باسێک لەسەر کەسایەتی پێشەوا



لانی کەم لە دووسەدەی ڕابردوودا کە زۆربەی دەوڵەتەکان لەسەر بنەمای خاک و نەتەوە و زمانی هاوبەش دروست بوون، هەر نەتەوەیەک بۆ پتەوکردنی بناخەکانی دەسەڵاتداریەتی خۆی هەوڵی داوە کۆمەڵێک هێما و ڕەمز بۆ خۆی دروست بکاو گەلی کوردیش لەگەڵ ئەوەدا هەتا ئێستا نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، بەڵام لە ڕەوتی مێژوودا بە تایبەتی لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە کۆمەڵێک ڕەمز و هێمای بۆ خۆی دروست کردووەن، وەک ئالای کوردستان، پێشمەرگە، سرودی نەتەوایەتی و جێژنی میللی نەورۆز.

بەڵام هەمووومان دەزانین کە کۆماری کوردستان لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی لەلایەن دەسەڵاتی پاشایەتی ئێرانەوە ڕووخا و لە دەی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی ڕێبەرانی لە سێدارەدران. بەڵام بە ڕوخانی کۆماری کوردستان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی کۆمار جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێ نەکەوت و هەتا ئێستا بە گوڕوتین بەردەوامە. بە داخەوە لەم ڕێگایە دا هەزاران ڕۆڵەی ئەوگەلە زوڵم لێکراوە بە کچ و کور و ژن و پیاو، لە هەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری گیانیان بەخشیوە و کاروانی شەهیدان ڕۆژ بە ڕۆژ درێژ و درێژتر بۆتەوە. بە بوونی ئەو خەباتە خوێناوییە بۆ ڕێزلێنان لە گیانبەختکردنی هەموو شەهیدانی کوردستان ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ڕۆژی شەهیدان وەک پێویستییەکی مێژوویی خۆی دەنواند. بۆ ئەو مەبەستە نزیک بە ٥٠ساڵ لەوە پێش حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دەی خاکەلێوە ڕۆژی شەهید بوونی یەکەم سەرکۆماری کوردستانی بە ڕۆژی شەهیدان دیاری کردووە و خەڵکی کوردستان لەو کاتەوە وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی کوردستان ساڵانە لەو ڕۆژەدا بە شێوازی جۆراوجۆر لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لەلایەن دڵسۆزان و خەمخۆرانی گەل و نیشتمان یادی شەهیدان بەرز ڕاگیراوە و یادیان کراوەتەوە.

لەگەڵ ئەو خەباتە دوور و درێژ و خوێناوییەدا هەر ساڵێک کە بەسەر شەهید بوونی پێشەوا و هاورێیەکانیدا تێپەر دەبێ، لاپەرێکی دیکەی پڕ لە شانازی بە مێژووی مافویستی و شوناسخوازی نەتەوەی کورد زیاد دەبێ و ئەوە لە درێژەی خەباتی بێ وەچانی سیاسیی نیزامی ساڵانی ڕابردوو هەتا ڕاپەرینی ژینا و بەرێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزیەکانی ئەوساڵ بە کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بە تەواوی دەبیندرێ و هیچ کەس و لایەنێک ناتوانی نکۆڵیان لێ بکا. لە هەمان کاتدا لە ئاستی هوشیاری و ئیرادەی نەتەوەیی و خەباتی بێ وەچانی میراتگرانی ڕێگای پێشەوا و هەموو شەهیدانی کوردستاندا دەبینین ڕۆژبەڕۆژ دوژمنانی سویند خواردووی کورد زیاتر لە پاشەکشەدان و پێ بە پێی پاشەکشەی دوژمن هەنگاوەکانی خەڵکی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو لوتکەی سەرکەوتن خێراتردەبن.

بۆ باس کردن و لێکدانەوە لەسەر هەر بابەتێک یا ڕووداوێکی مێژووی وا دروستە هەلومەرجی ئەوکاتەی ڕووداوەکەی تێدا ڕوودا وە ئەگەر بە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورتێش بێ هەڵسنگاندنی بۆ بکرێ. کاتێک باس لە دەی خاکەلێوە ڕۆژی شەهید کرانی پێشەوا و هاوڕێیانی دەکەین و دەمانهەوی کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد بێنینە بەر باس و ئاشنا بە نەسلی نوێی بکەین وا دروستە بۆ چەندساڵێک پێش دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەماکانی کۆمەڵەی ژێ کاف و دامەزرانی کۆماری کوردستان بگەڕێنەوە دواوە و بۆ ئەوەی بزانین هەڵومەرجی ئەو کاتی کوردستان بە گشتی وڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی چۆن بووە.

لەو سەردەم دا سیاسەتی ڕەزاخانی (ڕەزاشا) لەسەر بنەماکانی دەولەت نەتەوە وای لە ئێران کرد بوو کە هیچ کام لە نەتەوەکانی پێک هێنەری ئێران هەستیان بە ئەمنییەت و ئاسایش و پاراستنی شوناسی خۆیان نەکرد ودوای روخانی ڕەزاشا وجێگرتنەوەی لە لایەن محمد ڕەزاشا کە هەمان سیاسەتی بابی درحەق بە نەتەوەکان پێک هێنەری ئێران پێرەو دەکرد وهەموو هەولی دەسەڵاتی پاشایەتی ئەوە بوو کە زمان وفەرهەنگ وکلتووری هەموو نەتەوەکان لە نەتەوەی باڵادەست دا بتوێنێتەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین پێک هێنانی کۆماری کوردستان پەرچەکردارێک بوولە بەرانبەر ئەو سیاسەتەدا ودیفاع و بەرگری بوو لە شوناسی نەتەوایەتی کورد. کاتێک بە پێی هەلومەرجی شەڕێ دووهەمی جیهانی وهاتنی سپای متفقین بۆ ئێران و لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی بە تایبەتی لە کوردستان ئەو هەڵ دەرەخسی لە لایەن ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتەوە، هەلەکە دەقۆزرێتەوە و دەسەڵاتی ناوچەکە بەدەستەوە دەگرن.

لەو سەردەم دا ماوەی چەند ساڵێک بوو جووڵانەوەکانی کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان لە لایەن دوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا کپ کرا بوون و ڕێبەرانی جووڵانەوەکان یا شەهید کرا بوون و یا دوور خرابوونەوە وجۆرێک کەش وهەوای نائومیدی باڵی بەسەر کوردستان دا کێشا بوو. دامەزانی کۆماری کوردستان لەسەردەستی حیزبی دێموکرات، زیندوو کردنەوەی ئیرادەی نەتەوەیەک بوو کە لە وتارەکەی پێشەوا لە ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆماردا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێ.

– ئەو سەردەم، سەردەمی خانخانی وعەشایرە وئەو عەشیرەتانە بە دەسیسە و پشتیوانی دەسەڵاتدارانی تاران ئەو بە دائیم لەگەڵ یەکتر ناتەبان و زۆر جاران کە هەلیان بۆ هەڵکەوتوە یەکتر تالان و برۆ کردووە. بەڵام کۆماری کوردستان و تواناکانی خودی پێشەوا توانی هەموو ئەوانە لە ژێر ئالای کوردستاندا کۆ بکاتەوە.

– لەو سەردەم دا کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و نەخوێندەوارە و کەمتر ئاشنایە بە مافە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بوو. کۆماری کوردستان لەژێر ڕێبەرایەتی پێشەوا دا توانی لە ماوەیەکی کەمدا هەتا ڕادەیەکی باش تاکی کورد ئاشنا بکا بە مافەکانی.

بەو خویندنەوە کورتە بۆمان دەردەکەوێ کە پێشەوا لە سەردەمێک و کۆمەڵگەیەکی ئاوادا بەرپرسیاتی وڕێبەری جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدەستەوە گرتووە و بە ئیرادەیەکی پتەو و کوردانە هەتا دواهەناسەی ژیانی وەفادار بەو ڕێبازە ماوەتەوە. بە خۆڕایی نییە شەهید د.قاسملوو دەفەرمووێ «پێشەوا گوڵێک بوو لە سەحرا روا بوو».

لێرەدا لە چەند خاڵێک دا باسی کەسایەتی پێشەوا لە بوارە جیاجیاکاندا و کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە دەکەین:

١-پێشەوا قازی محەممەد لە مێژووی هاوچەرخماندا یەکێک لەو کەسایەتییە بەرزانەیە کە لەسەردەمی خۆی دا بە دەرکی دروستی لە هەلومەرجی نێوخۆی ئێران و دەوربەر هەڵەکەی قۆستۆتەوە و مێژوویەکی بۆ گەلەکەی دروست کردووە کە ئێستاش دوای تێپەر بوونی ٧٨ساڵ کاریگەریەکانی بەسەر بزووتنەوەی مافخوازی خەڵکی کوردستانەوە بە تەواوی دیارە و هەست پێ دەکرێ.

٢- پێشەوا قازی محەممەد بە تەجروبە وەرگرتن لە مێژووی جوڵانەوەکانی کورد، بە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی جوڵانەوەی مافخوازی ورزگاریخوازی گەلی کورد بە ڕێکخراو بکا و هەر ئەوەش وای کرد کە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان ولە سێدارە دان وزیندانی کردنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات وکۆماری کوردستان، دووبارە جوڵانەوە لەسەر دەستی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێ بگرێتەوە ودەست بە کاروتێکۆشان بکاتەوە.

٣-پێشەوا توانی بە قۆستنەوەی هەل و فورسەتەکان خەونی لەمێژ ساڵەی گەلی کورد کە بە دەوڵەت بوون بوو بێنیتە دی، هەرچەند تەمەنی ئەو دەولەتە کەم و جوغرافیایی ژێر دەسەڵاتی بەرتەسک بەڵام کۆماری کوردستان لە ماوەیەکی زۆر کەم دا بوو بە نوێنگەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێن کە کۆماری کوردستان ئەزموونێک بوو کە ئالۆگۆرێکی گەورەی لە هۆش وبیری نەتەوایەتی گەلی کورد دا پێک هێنا.

٤-پێشەوا لە گەڵ ئەودا کەسێکی ئاینی و دیندار بوو، بەڵام نیشتمانپەروەری و گەڵ دۆستی بە هەموو گوتارو کرداریەوە دیار وهەست پێکراو بوو. ئەوەتا کاتێک سوێند دەخوا بیجگە لە بیروباوەرە ئاینییەکەی بە نیشتمان وئالای شکاوەی کوردستان سویند دەخا. «بە قورئانی کەریم، بە نیشتمانی شەرافەتمەندی گەلی کورد، بە ئالای پڕ شانازی کە لە شەکانەوەدایە سویند دەخۆم تا دوا دڵۆپی خوێن لە ڕێگای ئازادی وبەختەوەری گەلی کورد دا لە هەوڵ وکۆشیش دریغی نەکەم.....»

٥- پێشەوا بە مانەوەی لەگەڵ خەڵک و هەڵبژاردنی مەرگێکی سەربەرزانە ڕێچکە و نەریتی پێشەنگ بوونی بۆ ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دارشت و ئەو پەیامەی پێدان کە هەموو کات پێویستە لە ڕێگای ئامانجەکانی گەڵ دا ئامادەی گیانبازی بن. هەتا ئێستای لەگەڵ دابێ ئەو نەریتەی پێشەنگ بوونە لەنێو قوتابیانی ڕێبازی پێشەوا و ڕێبەرانی سیاسیی و تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات و فەرماندەرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بەردەوامە. بەڵگەی ئەو بۆچوونە شەهید بوونی زیاتر لە ٣٠کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزب کە لە نێویاندا شەهیدان د.قاسملوو، د.شەرفکندی و بە دەیان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و فەرماندەرانی نیزامی ....دەبیندرین.

٦-هەوڵ و هیمەت و کار و تێکۆشانی پێشەوا لەو سەردەم دا وای کرد کە بۆ یەکەم جار گەلی کورد لە کوردستان بە کۆمەڵێک دیاردەی نوێ وەک حیزبایەتی و دێموکراسی ئاشنا بێ و کۆمەڵگەی ناتەبایی کوردی پێکەوە تەبا کرد و توانی بۆ ماوەیەکی هەرچەند کەمیش بێ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە داراونەدار، خوێندەوار و نەخوێندەوار بازاری و جوتیار، عەشایر و شاری لە ژێر ئالای کوردستاندا کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بتوانن لە خزمەت ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا بن.

٧-پێشەوا باوەری قوڵی بە دێموکراسی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بوو، ئەو باوەرە وای کرد کە گەشە کردنی هەست و بیری نەتەوەیی لە کوردستاندا بە ئاقارێکی موسبەت و مرۆڤدۆستانە دا بروا. پێشەوا باوەری بە ڕاوێژ و بریاری جمعی هەبووە و لە هیچ کاتدا تاکرەو و خۆسەپێن نەبووە. وەک خۆی لە وتووێژیەک دا لەگەڵ ڕۆژنامەی کوردستاندا دەڵێ:» ئەمن بەبێ تەسوییبی کومیتەی مەرکەزی هیچ کارێک ناکەم، چونکە دێموکرات ئەوەیە کە شەخس ناتوانێ مەسلەحەتی میللەتی بێ مشاوەرە بگرێتە دەستی خۆی.»

٨- پێشەوا روح و گیانێکی لێبوردەیی بەرانبەر هەموو دژبەر و جیابیرانی خۆی و کۆماری کوردستاندا هەبوو، گیانی لێبووردەیی پێشەوا بە چەشنێک بوو کە لە ڕۆژنامەکانی ئەودەمی تاراندا قسەی لەسەر کراوە(سەبارەت بە مامەڵەکردنی پێشەوا لەگەڵ ئەو دیلانەی ئەرتەشی شاهنشاهی کە لە شەری قاراوای سەقز گیرابوون)

٩-مامەلەی پێشەوا لە گەڵ کەمینە ئاینیەکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان بە چەشنێک بوو کە نەک هەر لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمە ئاینیەکان ئازاد و سەربەست بوون لە خویندنی منداڵەکانیشیان بە زمانی دایکیان ئازاد بوون و وەک هەموو ئەو منداڵانەی دیکەی کورد لە قوتابخانەکان دەرسیان دەخوێند بۆیە کاتێک پێشەوا وەک سەرکۆمار ناسێندرا ئەو کەمینە ئاینیانە ئاهەنگی گەورەیان گێرا و شیرینی و شەربەتیان بەخشییەوە.

١٠- پێشەوا ڕوناکبیرێکی نەترس و لەهەمان کاتدا کۆمەلناسێکی ڕاستەقینە و بە ئەزموون بوو، لە هەموو ڕێبەرانی پێش خۆی باشتر کۆمەڵگەی کوردەواری ناسیبوو و شارەزای مێژووی پڕ لە کارەساتباری نەتەوەکەی خۆی بوو ، بە تەواوی ئاشنای ویست و داخوازییە نەتەوایەتیەکان بوو. لە کاتی ئاخاوتن لەگەڵ خەڵکی ئەوەندە بە زمانێکی سادە و ساکار لەگەڵ خەڵک دەدوا کە بەردەنگەکانی لێی تێبگەن بۆیە هەر زۆرزوو دەیتوانی کارێگەری ڕاستەوخۆ بکاتە سەر بیروباوەریان.

١١- هەروەکی پێشتر باس کرا پێشەوا مرۆڤێکی بە تەواوی مانا دێموکرات بوو و باوەری قوڵی بە دێموکراسی هەبوو، پێک هێنانی یەکیەتی لاوان و ژنان لەو سەردەم دا کارێکی یەکجار گرینگ و پێشکەوتوانەیە و لە باوەرەکانی پێشەواوە سەرچاوەی گرتووە.

ئەو سەردەم پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردەواری، پێک هاتەیەکی عەشایری و بە تەواوی پیاوسالارانە بوو. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا ڕێچکەی شکاند و بەسەر ئەوداب و نەریتە کۆنەدا زاڵ بوو، ئەوەندە چووە پێشێ کە لە مەرامنامەی حیزب دا دان بە مافی ژنان دابنێ. لە مادده ی٢١ مرامنامەی حیزبدا بەو شێوە باس لە رۆلی ژنان لە کۆمەڵگەدا دەکا( ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسیی وئابووری وکۆمەڵایەتی دا ژنان وەکو پیاوان مافی وەک یەکیان هەبێ.) هەر ئەو باوەریە وا دەکا کە لەو وتارانەی لە ڕۆژی دووی ڕێبەندان ڕۆژی ئیعلانی کۆماری کوردستان دەخوێندرێنەوە ئیزەن بدرێ دوو وتار لە لایەن ژننانەوە پێشکەش بکرێ کە هەر دوو وتار هەڵگری باس لە ڕۆلی ژنان لە پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا دەکەن ( یای ویلمەی سەیادیان ویای خەجیجە حیدری) ئەو ڕوانگەیە وباوەرە هەتا ئێستا لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە و لە کونگرەجیاوازەکانی حیزب دا وەک ماددەیەک لەبەرنامەو پێرەوی نێوخۆی حیزب دا گونجێندراوە وبۆتە ئەسلێکی دانبراو لە کاروتێکۆشانی حیزب و بە پێی هەلومەرجی جووڵانەوە کاری پێکراوە ولە ڕێبازەدا هەتا ئێستا بە سەدان ژن لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا تێکۆشانیان هەبووە ولە رەوتی خەبات وتێکۆشاندا بە دەیان ژن شەهید وبریندارو ئیعدام کراوەن و لەو نێو شەهیدەکاندا ئەندامی ڕێبەری وکادرو پێشمەرگەی ژن دەبیندرێ (نەسرین حەداد وسوهیلاقادری)ولەو رۆژەدا کە ڕۆژی شەهیدانی کوردستانە بە پێویستم زانی یادێکیش لە شەهیدانی ژن بکەینەوە چ ئەو ژنانەی لەسەنگەری پێشمەرگایەتی ویا لەسەر شەقامەکانی کوردستان لە شۆرشی ژینادا بە پێشەنگایەتی خۆیان پایەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان وەلەرزە خست، و سڵاو لە روحی بەرزەفریان بکەین کە بە کارو تێکۆشان و ئازایەتی لە خۆ بردوویان سەڵماندوویانە قوتابی ڕاستەقینەی قوتابخانەی پێشەوای نەمرن.

١٢-پێشەوا کاتێک زانی بە هۆی خەیانەتی نێوخۆیی وگەلەکۆمەکی نێودەولەتی ناتوانی بەرگری لە کۆماری کوردستان بکا، ڕیگایەکی هەڵبژارد کە تەنیا مرۆڤە باورەدارەکان بە ئامانجەکانیان دەتوانن ئەو ڕیگایە هەڵبژێرن. پێشەوا بە زانیاری وئاگاداری تەواوە ئەو ریگایە هەڵبژارد وگیانی خۆی فیدای ریگری لە کوشتاری خەڵکی کوردستان کرد. لە دواساتەکانی ژیاندا کاتێک دادئەستین نیزامی لە پێشەوا دەپرسێ بۆ چی نەرۆیشتی وئێرەت بەجێ نەهێشت؟ لە وڵام دا پێشەوا دەڵێ: « لە دەپشدا لە بەر بەڵێنێک بە نەتەوەی خۆم داوە کە لە نێویان دا بژیم. دووهەم لەبەر ئەوەی پێش بە خوێنرێژی بگرم وبە تایبەتی لەبەر زیندوومانەوەی من، کوشت وکوشتارنەکرێ.» لە حاڵیک دا پێشەوا وهاورێکانی هەم فورستیان هەبوو ناوچەکە بە جێبهێڵن وهەم دەیانتوانی داوای بخشین لە شابکەن. بەڵام مەرگی پڕ لەشانازیان هەڵبژارد وگیانی خۆیان فیدای مانەوەی گەڵ کرد.

١٣-دادگایی کردنی پێشەوا وهاورێیانی لاپەرەیەکی دیکەیە لە مێژووی پڕ لە شانازی ئەوان ، بە پێی هەموو بەڵگەکانی بەردەست، پێشەوا لە جەلەسەکانی دادگا وەک هەل وفورسەت بۆ دیفاع لە مافەکانی نەتەوەی کورد کەلکی وەرگرتووە نەک دیفاع کردن لە خۆیان. بە وتەی سەروان شەریفی کە وەکیلی قازییەکان بووە، ئەوە قازییەکان بە تایبەتی پێشەوا بووکە دادگای محاکمە دەکرد وهەموو ئەو تاوانانەی درەرحەق بە کوردیان کردبوو بە چاوی دا دەدانەوە.

لە کۆتایی دا وەبیر دێنمەوە، لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان وپەیمان نوێ کردنەوەیە لە گەڵ ڕوحی شەهیدان پێویستە خەسڵەتە بەرزە ئینسانییەکانی پێشەوا وهەموو شەهیدان کە لە پێناوی ئازادی وبەختەوەری گەڵ دا گیانیان بەخت کردووە بکەینە سەرمەشق وئەوندەی دەتوانامان دایە بۆ یەکریزی ویەکبوونی کورد هەوڵ بدەین.

با لە ٧٧ساڵەی شەهید بوونی پێشەوا وهاورێیانی دا هەموو ئۆگران وئەویندارانی نیشتمانێکی ئازاد وسەربەخۆ ، بەڵێن بە روحی بەرزەفری پێشەوا وهەموو شەهیدانی کوردستان بدەین کە هەتا لوتکەی سەرکەوتن درێژەدەری ڕێگای خەباتیان بین.

بە هیوای وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدانی کوردستان

ئێوەش سڵامەت و سە ر بە ر ز و سە ر کە و تو و بن .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شیوا مرادیان

# هەڵبژاردەی لاوان




٤٥ ساڵە کە کۆماری ئیسلامی خۆی بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاندووە. لەم ماوەیەدا لاوان کەمترین دەوریان لە دەستاودەستکردنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا نەبووگە، ئەمە لەحاڵێکدایە کە لاوان دایناموێ گۆڕانن لە کۆمەڵگەکاندا. دەسەڵاتێک کە بیهەوێت وڵات بەرەو پێشکەوتن بڕوات و داهاتووەکەی گەشە بێت، ئەولەویەتی یەکەمی ڕێگە خۆشکردن بۆ لاوان دەبێت تاکوو ئەو جیلە پڕ وزە و گۆڕانخوازە بێنە پێشەوە و وڵاتەکەیان پێش بخەن. کەواتە دەرفەت دان و ڕێگە خۆشکردن بۆ لاوان لە گرەوی یاسای وڵاتەکە دایە کە لەڕاستیدا بەرامەی خەون و بەرنامەی دەسەڵاتداران بۆ وڵاتەکەیە.

یەکێک لەو بوارانە کە دەکرێ دەرفەت بخولقێنێ بۆ ئەوەی لاوان بتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن هەڵبژاردنە، هەروەها یەکێک لە سەرەکیترین بنەماکانی دیموکراسی هەڵبژاردن یان باشترە بڵێم هەڵبژاردنی ئازادە. بە چاوخشاندنێکی کورت بەسەر مێژووی ٤٥ ساڵەی دەسەڵاتداریێتی کۆماری ئیسلامی بۆمان دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنەکانیش وەکوو هەموو سیاسەتەکانی دیکەی هەوڵێک بووە بۆ بەلاڕێدا بردن و چەواشەی خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگەی دەرەوەی ئێران.

بەڵام سەیر لەوەدایە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بانگەشەی گۆڕان و باشتربوونی دۆخی کۆمەڵگە دەکەن و سەیرتر لەوەدایە کە گوایە ئەوە لاوانن کە دەرفەتیان پێدراوە تاکوو دایناموێ ئەو گۆڕانە بن!

ڕوونە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ کردووە و دەیکات تەنیا ڕاکێشانی خەڵک بەتایبەتی لاوانە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان تاکوو لە ڕێگای میدیا حکومەتییەکانەوە هەم بە خەڵکی نێوخۆ و هەمیش بە دونیای دەرەوە بڵێت کە لە ئێراندا هەڵبژاردنی ئازاد هەیە و خەڵک و لاوان بە دەنگەکانیان ڕەوایی بە دەسەڵات دەدەن و دەسەڵاتەکەیان لە خەڵکەوە وەرگرتووە و گوایە دەسەڵات دەستاودەست دەکرێت!

بەڵام کاتێک یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و بەتایبەتی یاسای هەڵبژاردنی لەتەک وڵاتانی ئازاددا بەراورد دەکەی، بە ڕاشکاوی بۆمان دەردەکەوێ کە نەک هەر ئازاد و دیموکرات نییە، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەی بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازادن و تەنیا ئامانج بازاڕ گەرمییە نەک گۆڕان.

کەوابوو یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بە گشتی و یاسای هەڵبژاردنی پێچەوانەی بنەما جیهانییەکانە و هەموو خەڵکی ئێران بەتایبەتی لاوانی فریو داوە و دەیدات. بەو واتایە کە مەجالێکی بۆ گۆڕانکاری بەپێی یاسا و لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە نەهێشتووە و ئەوەی هەبووە و هەیە یاریکردنە بە شعووری خەڵک.

یاسا و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەم قسەیەی مارک توانیمان بە بیر دێنێتەوە کە دەڵێت: «لەو شوێنە کە ئازادی نییە، ئەگەر دەنگدان شتێکی بگۆڕی با، ڕێگایان نەدەدا کە دەنگ بدەن!» ئەزموونی چوار دەیە هەڵبژاردن لە ئێرانی بەڵاێدراوی ئاخووندی بە هەموو و بەتایبەتی لاوانی سەلماندووە کە هیچ هەڵبژاردنێک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەک هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵک نەبووگە بەڵکوو بە پێچەوانەوەکەی دوای تەواو بوونی شانۆێ هەڵبژاردنەکان دیسان گەندەڵی، هەژاری، گرانی و چەوسانەوەی لاوانی نەتەوەکانی غەیرە فارس زیادتر بووە و تەنیا دەسکەوتی بەشداری کردن لەم شانۆیە سوودی بۆ ڕێژیمی تووتالیتری وەلی فەقیە دەبێت تاکوو شەرعییەت وەربگرێت بۆ درێژ کردنی تەمەنی دەسەڵاتداریەتی خۆی.

بۆیە هەڵبژاردەی لاوان دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی تەنیا نەمانی ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆ و مرۆڤ کوژەیە. کەوابوو دەبێ ئەو وتەیەی دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان لە بیر بێت کە دەڵێت: «گەلێک ئازادیی بوێت دەبێ نرخی ئەو ئازادیەش بدات».

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینا بینیمان کە لاوان ئەم وتەیەی کاک دوکتوریان کردە وێردی سەرزمانیان و نرخی بەدەستهێنانی مافەکانیان بە گیانی خۆیان دا، کەوابوو لاوان وشیاری کورد سوورتر لە جاران هەڵبژاردەیان هەوڵدانە بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و بونیاتنانی سیستەمێک کە هەڵقوڵاوی ویستی ئەوان بێت و هەروەها دەرفەتی بۆ هەموو بەتایبەتی لاوانیش ڕەخساندبێت کە بتوانن دەوری خۆیان ببینن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گەلاوێژ پەیرەوان

# هەڵوێست و خۆڕاگری بنەماڵەی شەهیدان، بەردەوامی دەبەخشێ بە شۆڕشی ژینا!

نزیک بە ساڵ و نیوێک بە سەر شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا تێدەپەڕێ. شۆڕشێک کە بە پێشەنگایەتی ژنانی بوێری کورد وەڕێخرا.

هەروەک لە بیرمانە و دوا بە دوای کوژرانی ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز، کە بە سەفەر لە گەڵ براکەی سەردانی شاری تارانی کردبوو، لە لایەن پۆلیسی بە ناو ئەخلاقی کۆماری ئیسلامییەوە بە شێوەیەکی دڕندانە شەهیدکرا.

بە دوای هێنانەوەی تەرمی بێ گیانی ژینا بۆ شاری سەقز و لە کاتی بەخاکسپاردنی لە گۆڕستانی ئایچی ئەو شارە، ژنانی بوێر و خەباتکار هەر زوو دەنگی نارەزایەتیان دژ بەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی هەڵبڕی. ژنانی خاوەن هەڵوێستی کوردستان بە لابردنی لەچکەکانی سەریان و هەڵبڕینی دەنگی نارەزایەتییان دژی حیجابی زۆرە ملێ وەستانەوە و هەر لەوێشەوە دروشمی( ژن، ژیان، ئازادی ) بووە دروشمی سەرەکی شۆڕشی ژینا. هەر ئەو ڕۆژە و لە سەر گڵکۆی ژینا ئەمینی و بە دروشمی ژن، ژیان ، ئازادی لە لایەن ژنانی بوێر و بە پشتیوانی پیاوانی ئازادی خوازی کورد، چەخماخەی شۆڕش لە کوردستاوەوە لێدرا و زۆری نەبرد پەلی هاویشت و زۆربەی زۆری شار و ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و خەڵک هاتنە وسەر شەقام و نارەزایەتی خۆیان دژی کوشتینی ژینا ئەمینی کە بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە گیانی لێ ستێندرا، دەربڕی.

ئاگری شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی هەر زوو سنووری کوردستانی تێپەڕاند و پەلی هاویشت بۆ شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران و خەڵک دژی حیجابی زۆرە ملێ، کە ماوەی ٤٥ ساڵە لە لایەن ئاخوندەکانەوە بە سەر ژنانی ئێراندا فەرز کراوە، وەستانەوە. ئەم نارەزایەتیانەی خەڵکی کوردستان و ئێران، کە لە پێناو مافە ڕەواکانییاندابوو سەرنجی تەواوی دونیایان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا و خەڵکی لە سەرانسەری جیهان گوێبیستی خواستەکانیان بوون.



ئەم نارەزایەتییانە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا گۆڕا بۆ شۆڕشێکی سەرانسەری و خەڵک لە سەرشەقام زۆر بە ڕوونی و بێ ترس داوای مافە کانی خۆیان کە ساڵانێکە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە زەوتکراوە دەکرد. لە گەڵ ئەوەی خەڵک بە شێوەیەکی زۆر مەدەنی داخوازیەکانیان هێنابوە گۆڕێ، بەڵام سەرانی ڕێژیمی ئیسلامی کێچیان وەکەولی کەوتبوو، نەیان دەزانی چۆن و بە چ ڕێگایەک ئەو شۆڕشە سەرکوت بکەن. هەربۆیە وەکوو سیاسەت و پیشەی هەمیشەییان، دەستیانکرد بە کووشتن و گرتنی شۆڕشگێڕانی نارازی سەر شەقام. ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامی لە ڕێگای دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانییەوە، هەموو ڕێگاکانی سەرکوتی لە دژی خەڵکی مافخوازی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی بە کار هێنا و لە هیچ جنایەتێک دژی شۆڕشگێڕان نە پرینگایەوە.

لە گەڵ ئەوەی شۆڕشگێران لە سەر شەقام درێژەیان بە نارەزایەتییەکانیان دەدا و سووربوون لە سەر ماف و داخوازیەکانیان، لە هەمان کاتیشدا دەزگا ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم بە مەبەستی بڵاوە پێکردن و تۆقاندنی شۆشگێران، ڕاستە وخۆ و بێ شەرمانە تەقەیان لە خەڵک دەکرد، کە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شۆڕشگێڕانیان شەهید و بریندار کرد و بە سەدان کەسیشیان دەست بە سەر و ڕەوانەی سیا چاڵەکانیان کردن، کە دوایە زۆرێکیش لەوان حوکمی قورسیان بە سەردا سەپا و بە دەیان کەسیان لێ ئیعدام کردن.

سەرانی ڕژیم کە پایەی نیزامە دیکتاتۆرەکەیان وە لەرزە کەوتبوو، لە کوردستان وەکوو داگیرکەرێک مامەڵەیان لەگەڵ شۆڕشگێران کردوو هەر ئەوەش هۆکاری سەرەکی زۆری

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارەی قوربانییەکان بوو. خەسارە ماڵی و گیانییەکانی کوردستان زۆر بەرچاوتر بوون لە ناوچەکانی تری ئێران و لێرە زۆر دژە مرۆڤانە و دوور لە هەموو نۆرم و بەها ئەخلاقییەکان کەوتنە کوشتنی لاوانی کورد و دەستیان لە کوڕ و کچ و لاوو پیر نەپاراست و لە نێو شەهیدانی کوردستاندا چەندین لاوی خوار هەژدە ساڵ هەبوون.

بەشێکی زۆری شەهیدانی کوردستان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە دژە گەلییەکان و بەشێکی تری قوربانیان لە سیاچاڵەکانی ئێراندا بە شێوازی دڕندانەی جیاواز گیانیان لێ ئەستێندرا و خوێنی سووریان تێکەڵ بە خوێنی باقی خەباتکارانی ڕێگای ئازادی و سەربەستی گەل و نیشتمان بوو.

.

خۆ لەو بوارەدا هەرچەند بگوترێ وبنووسرێت هێشتا کەمە، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە لەم نووسینەدا سەرنجی بخەمە سەر، هەڵوێست و بوێریی بنەماڵەی شەهیدانە.

هەموومان ئەوە باش دەزانین، کە لە دەستدانی ئازیزان لە هەر تەمەن وبە هەر شێوەیەک بێت چەندە سەخت و بە ژانە و ساڕێژبوونی ئاسان نییە.

جا نەخوازە ڕۆڵە تازە لاوەکەت، کە هەزار خەون وئاواتت بۆی هەیە، لە چاوترووکانێکدا ولە سەر سەرەتاییترین مافێک کە هەقی ئینسانی، یاسایی ونەتەوەیی خۆیەتی لە دەستی بدەیت.

لە لایەکی ترەوە ئەو منداڵە نێو نەمامانەی هێشتا تێر بۆنی هەناسەی دایک یان باوکە شەهیدەکەیان نەکردوە و تازە لە سەرەتای تەمەنێکدان، کە پێویستیان بە سۆز و پەروەردەی ئەوان هەیە.

بەڵام جا کوا شەو پەرستانی ئاخوندی گوێیان بەو شتانە داوە و بۆیان گرنگبووە

هەر مەگەر دایکان و باوکانی ڕۆڵە کوژراو و منداڵانی ناز لێشێواو لەو هەستە تێبگەن و دەرک بە ئازار و سۆی یەکتر بکەن.

بەڵام ئەوە چ ڕەمزێکی لە پشتە، کە بنەماڵەی شەهیدان ئاوا بوێرانە و خۆڕاگرانە لە بەرانبەر ئەو زامە بە سۆیەدا ڕاوەستاون و لە جیاتی لە باوەشگرتنی ئەژنۆی خەم، زۆر ئازایانە و بوێرانە بە دۆست و دوژمنیان نیشاندا،کە ڕۆڵەکانی ئەوان سەربەرزانە گیانیان پێشکەشی خاک و نیشتمانیان کردوە، هەر بۆیە پێیان سەر بەرزن و خەم و پەژارەیان دەکەنە ڕقی پیرۆز و بە گژ دوژمندا دەچنەوە.

لەماوەی ساڵ و نیوی ڕابردووی شۆڕشی ژینادا، شاهیدی خۆڕاگری و قارەمانەتی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بوون و هەین، کە هەوڵیانداوە لە هەموودەرفەتەکان کەڵک وەرگرن بۆ بە گژدا چوونەوەی دوژمنی داگرکەر و قاتڵی ڕۆڵەکانیان.

بنەماڵەی شەهیدان هەر لە ڕۆژی ئەوەڵی لە دەستدانی ڕۆڵەکانیانەوە، تەواوی بۆنەکانی وەک: بە خاکسپاردنی شەهیدەکانیان، سێ ڕۆژە، چلە، یادی لە دایکبوونی ڕۆڵە شەهیدەکەیان وساڵڕۆژی شەهیدبوونیان کردووە بە دەرفەت بۆ دەربڕینی نارەزایەتی و بەربەرەکانێی جەلادانی منداڵ کوژی ئاخوندی.

هەروەها بە بەردەوامی و بە بەشداری سەدان کەس لە خەڵکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەر و بە هەڵوێست، لە سەر گڵکۆ و شوێنی شەهیدبوونیان یادی شەهیدەکانیان کردۆتەوە و یاد و ناویان بەرز ڕاگرتوون.

دەماندی و ئێستاش دەیبینین کە چۆن لەو یادکردنەوانەشدا بنەماڵەی شەهیدان بە شێوەیەکی دیکە بەردەوامیان بە شۆڕش داوە و لەو بوارەدا پێشەنگ بوون، ئەوان لە جیاتی شین و گریان و خوێندنی فاتیحا، سرودی شۆڕشگێڕی و هۆنراوەی نەتەوەییان دەخوێندەوە و لە جیاتی پۆشینی جل و بەرگی ڕەش، کە هێمای تاعزیە بارییە، ئەو جل و بەرگانەیان دەپۆشی کە هێمای نەتەوەین، وەک: ئاڵای کوردستان ،جامانە و هەوری.

دایکانی داخدار نموونەی بەرخۆدان و شۆڕشگێری ئەو شۆڕشە بوون، ئەوان لە بری لاوانەوە و شینگێڕی بۆ لە دەستدانی ڕۆڵەکانیان، خوێنی جگەریان دەخواردە و دەیانکردە هەوێنی ڕق و نەفرەت بە دژی ئەوڕێژیمە دیکتاتۆر و داگیرکەرە و لە سەر گۆری ڕۆڵەکانیان پەیمانیان لە گەڵ ڕێگا و ئامانجی ئەوان نوێ دەکردە و سوێندی تۆڵەیان دەخوارد.

دایک وباوکی شەهیدان بە وتە جوان و پڕ حەماسەکانیان، لە سەر گڵکۆی شەهیدەکانیان و ڕۆڵەی شەهیدەکان بە دروشمی وەک: (باوکی من قارەمانە شەهیدی کوردستانە)، هەستی حەماسە و دڵگەرمیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



دەدا بە خەڵکی کوردستان.
لە هەمان کاتیشدا ئەو حەماسە و جۆش و خرۆشە دەبووە هێز و ورە و غووری کەس و کاری شەهیدەکانی بەرزدەکردە و شانازیان بە شەهیدەکانیانەوە دەکرد.
هەر ئەو ورە و خۆڕاگرییەی بنەماڵەی شەهیدان لە سەرگۆڕی شەهیدەکانیان و لە کاتی وتاردان و خوێندنەوەی شعر و سرودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی، هۆکاربوو بۆ ئەوەی خەڵک خاوەنداریەتی لە شەهیدەکان بکەن و بنەماڵەکانیشیان بە تەنیا جێنەهێڵن و باری قورسی لە دەستدانی ئازیزەکانیان لە گەڵ هەڵگرن.
هەر ئەم هاوکاری و هاودەنگییەی لە نێوان خەڵک و بنەماڵەی شەهیداندا دروست ببوو، فاکتەرێکی بە هێزی بەردەوامی شۆڕشەکەش بووە.

بە ئاوڕدانەوەیەک لە ساڵ و نیوی ڕابردووی شۆڕشی ژینا، دەبینین کە لە گەڵ ئەوەی ڕێژیم بە هەموو شێوەیەک گوشاری خستۆتە سەر بنەماڵی شەهیدانی شۆڕشەکە و بە هەڕەشە و بانگکردن و چاو سورکردنەوە لێیان، هەوڵی داوە ڕێگری بکات لەو یاد و بۆنانەی، کە بۆ بەرزراگرتنی یادی شەهیدەکانیان بەڕێوەی دەبەن، بەڵام بنەماڵەی شەهیدەکان بەو بیر و باوەرە قایمەی کە بە ڕێبازی شەهیدەکانیان هەیانە و بە پشتیوانی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان، نەک نە ترساون و پاشە کشەیان نەکردووە، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەکی کە بۆیان هەڵکەوتبێت هەوڵیان داوە بە شکۆیەکی بەرزتر ئەو یادانە بکەوە.

هەموومان ڕۆژانە شاهیدی خۆڕاگری و قارەمانەتی ئەو بنەماڵە سەر بەرزانەی شەهیدانیین و دەبینین، کە چۆن و بە چ شێوەیەک دەرفەتەکان دەقۆزنەوە بۆ بە گژدا چوونەوەی ڕێژیمی ئاخوندەکان، بە تایبەتیش دایکانی خۆڕاگری شەهیدان، کە زۆر ڕۆژ و بۆنە دەکەنە بیانوو بۆ لێکخڕبوونەوە و سەردانی یەکتری کردن.
ئەو دایکە دلێڕ لە حەسرەتانە هەوڵیانداوە ئەو لێکخڕبوونەوانە بکەنە دەرفەتێکی دیکە بۆ بەرزراگرتنی یادی ڕۆڵە شەهیدەکانیان لە لایەک دانی پەیامی یەکریزی و یەک دەنگیان بە دوژمن و سووربوونیان لە سەر وەدەستهێنانی ئەو مافانەی کە ڕۆڵەکانیان لە پێناویاندا قوربانی کردووە.

لە دوایین هەڵوێستەکانی ئەم بنەماڵە سەربەرزانە لە نەورۆزو نوێکردنەوەی ساڵی کوردی دا بوو، دووبارە بە ئامادەبوونیان لە کۆڕی کچان و کورانی لاودا لە نەورۆزدا پێشەنگایەتی گەلەکەمانیان کرد. کاتێک باوکی شەهیدێکمان دەدیت سەرچۆپی دەکێشا بە بوغزی گریانەوە، ناردنی پەیامێک بوو بۆ دوژمنانی گەلەکەمان و نوێکردنەوەی پەیمان بوو لەگەڵ شەهیدەکانمان کە تا گەیشتن بە ئاواتەکانیان ڕێبەری ڕێبازەکەیان دەکەین و کۆڵ نادەین.

دایکان و باوکانی شەهیدانی لاو منداڵی شەهیدەکانی تریان لە باوەش دەکرد و نازیان دەدا پێیان وەک ئەوەی منداڵەکانی خۆیان هاتبنەوە سەردانیان و داوای باوەشێکی نەورۆزانەیان لێ بکەن، هاوکات لاوانی خاکی پۆشیش لە ڕیزدا دەوەستان و وەک نیشاندانی ڕێز و وەفا بۆ بنەماڵەی قوربانیان.

دەبینین کە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی ئەو ئازیز لە دەست چووانە چۆن پەیکەری ئەو شۆڕشەیان بە پێوە ڕاگرتووە و بەرەو پێشی دەبەن و لە هەمووان زیاتر لە خەم ئەم شۆڕشەدان و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سەرکەوتنی دەدەن و بەم هەوڵ و هەڵوێستە بەرزانەیان تۆوی ڕێز و خۆشەویستیان لە دڵی پیر و لاوی وڵات دا چاندووە.

لە کۆتاییدا پێمخۆشە سەری ڕێز دانەوێنم لە ئاست گەورەیی و چاونەترسی ئەو بنەماڵە سەربەرزانەی لە لایەک بە لە دەست دانی ئازیزانیان و لە لایەکی دیکەوە بە هەڵوێستە بەرز و شۆڕشگێڕانەکانیان بوونە هەوێنی یەکگرتووی ڕۆژهەڵاتەکەمان و هەر ئەوانیش بوونە هەوێنی بەردەوامی ئەم شۆڕشە.
بنەماڵەی شەهیدان هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شەهیدبوونی ئازیزانیانەوە بە هەڵوێست و بڕیارە نەتەوەییەکانیان دەستیان کرد بە نووسینەوەی مانیفێستی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی و هەتا ئێستاش لە مەیدانی خەباتدا و کۆڵنادەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گوڵباخ بەهرامی

# باسێک لە ڕۆمانی ( امید) هەڵاتن بەرەو لووتکە

ڕۆمانی ( امید) هەڵاتن بەرەو لووتکە، کە لە نووسینی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد زاوایەتییە بە زمانی فارسی بڵاو کرایەوە. کتێبەکە لە لایەن گوڵباخ بەهرامی وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی.

هەڵاتن بەرەو لووتکە، گێرانەوەی ڕووداوێکی مێژووییە لە دووتوێی ڕۆمانێکی تراژیدی ڕئیالیستیدا، کە باس لە کۆڕەوی میلیۆنی خەڵکی باشووری کوردستان بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا لە ساڵی ١٩٩١ دەکات. کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە کە (ئومێد) ە بەسەرهاتی ئەو تراژدیا گەورەیە دەگێڕێتەوە کە هاوکات کە باس لەو ڕووداوە مێژووییە دەکات، چیرۆکی خۆشەویستی و ئازار و جێهێشتن و لەدەستدانی ئازیزانی دەگێڕێتەوە لە درێژەی هەڵاتنی بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان بەرەو سنوور. ئومێد دوای ٢٦ ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی ڕووداوەکان و لەوێوە دەچێتە قووڵایی بیرەوەرییەکانی ڕابردووی، هاوکات هەر بەو ڕوانگەیەوە باس لە بارودۆخی باشووری کوردستان و زوڵم و ستەمی ڕژیمی ئەوکاتی عێراق دەکات. لە ڕۆمانەکەدا ئاماژە دراوەتە شۆڕشەکانی کورد و ڕۆڵی پێشمەرگە لە سەردەمە سەختەکاندا. لە هەندێک شوێنیش بە زمانێکی ئەدەبی بەڵام ڕەخنەگرانە باسی لە ناکۆکی و یەکنەبوونی کورد و زەرووڕەتی یەکگرتوویی لە کاتە هەستیارەکاندا کردووە.

ئەم ڕۆمانە کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە، وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی(سۆرانی)، کوردی( کرمانجی)، زمانی ئینگلیزی و فارسی.

ئامانج لە وەرگێرانی ئەم ڕۆمانە، خاڵە



هاوبەشەکانی شۆڕش و بەسەرهات و نەهامەتییەکانی کوردە لە پارچەکانی کوردستاندا. ئەو شۆڕشەی لە ڕۆژهەڵاتەوە تا باشوور و باکوور و ڕۆژئاوا مێژوویەک قوربانیدان و ڕێگای سەخت و دژواری بڕیوە و هێشتاش هەر بەردەوامە. دیارە وەرگێران وەک یەکێک لە ڕێگا گرنگەکانی ناساندنی نەتەوە، کلتوور، مێژوو و هەروەها کەسایەتییەکانە لە ئاستێکی بەرفراوانی دەرەوەی ژینگەی سەرەکییان. بۆیە لە ڕێگەی وەرگێرانەوە زۆرجار نەتەویەک بە هەموو مێژوو و ناسنامە نەتەوەییەکەیەوە دەناسێنرێت یاخود زیاتر و لە ڕوانگەیەکی جیاوازترەوە هەوڵی ناسینی دەدرێت. بۆ کورد کە خاوەن مێژوو و ڕابردوو و خاک و کیانێکی لەمێژینە بووە و داگیرکاری و دابەشکاری نەیهێشتووە خاوەن دەوڵەت و کیانێکی سەربەخۆ بێت، زۆر گرنگە لە هەر دەرفەتێک و لە هەر دەروازەیەکەوە هەوڵ بدرێت، لایەنێکی ئەو مێژووە ڕاستەقینەیەی بە زمان و ڕوانگەیەکی جیاوازترەوە بە دونیای دەرەوە بناسێنرێت. بەتایبەتی کە زۆرجار نەتەوەی باڵادەست حاشا لە بوونمان و نکۆڵی لە مێژوو و ڕابردوومان دەکەن. ئەوەی ئەرکە گەورەکەیە

جگە لە نەتەوەسازی و بنیاتنانی هەستێکی پتەوی باوەڕمەندبوون بە خۆشویستنی نیشتمان و پاراستنی، بۆ نەوەکانی داهاتووی نەتەوەکەمان، ئەرکە گەورەکە ناساندنی و بەرجەستە کردنەوەی ئەو مێژووە حاشالێکراوەی نەتەوەکەمانە لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بە نەوەکانی داهاتوویان. بۆیە وەرگێران ئەم بەرپرسیارەتییە گەورەیەی هەڵگرتووە و دەتوانێت ئەو دەنگە کپکراوە وەک خۆی بگەیەنێت.

لەم ڕۆمانەشدا، ڕۆمانی ( هەڵاتن بەرەو لووتکە)، پاڵەوانی ڕۆمانەکە خۆشەویستی نیشتمان و عەشقی خۆشەویستەکەی بەیەکەوە گرێداوە. هەرچەندە لە کۆتایی ڕێگای گەیشتنی بەو دیوی سنوورەکان خۆشەویستەکەی و جگەرگۆشەکانیشی لە ڕێگای سەختی گەیشتن لەدەست دەدات، بەڵام ئیرادەی بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانی کە بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕش و ڕاپەڕینی کورد لە باشووری کوردستانە، لەدەست نادات و دووبارە لە شوێنی هەمان ڕووداو و کارەسات، بەڵام ئەمجارە لە هەرێمی کوردستانی خاوەن ئاڵا و حکوومەتێکی کوردیدا، پانۆرامای ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org


ئاسۆ مینبەری

# چەواشەکاریی ڕاستییەکان

دوابەدوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا بە دروشمی سەرەکیی ژن، ژیان، ئازادی لە کوردستان و ئێران و هاوکات لەگەڵ پێشێلکارییە بەرچاو و بەردەوامەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ڕەوتی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان بەرانبەر بە خەڵک لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە سەرماوەزی ساڵی ١٤٠١ و لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا دامەزرا، داوای لە شایەتحاڵان و خەڵکانی کوردستان و ئێران کرد کە لە ڕاستای هەوڵەکانی ئەم کۆمیتەیە بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، زانیارییەکانی خۆیان لەمبارەوە ڕادەستی ئەم کۆمیتەیە بکەن.

لە ڕۆژی ٨ی مارسی ئەمساڵدا و هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی ژن، ئەم کۆمیتەیە یەکەمین ڕاپۆرتی خۆی سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێرانی بڵاو کردەوە و تێیدا هەڵاواردنی سیستماتیک دژی ژنان و کچانی بە پێشێلکاریی ئاشکرای مافی مرۆڤ و جینایەت دژی مرۆڤایەتی ناو برد.

ئەم کۆمیتەیە لە یەکەمین ڕاپۆرتی خۆیدا، نووسیویەتی: سەرکوتی توندوتیژانەی نارەزایەتییە خەڵکییەکان و هەڵاواردنی گشتگیر دژی ژنان و کچان پێشێلکاریی جیددی مافی مرۆڤی کۆماری ئیسلامی دژی ژنان بووە کە نموونەی ئاشکرای جینایەت دژی مرۆڤایەتییە.

لەم ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ کە لە کاتی شەهیدبوونی ژینا ئەمینییەوە دەستیان پێ کرد کراوە و وەک نموونە ئاماژە بە کوشتن، لەسێدارەدانی سەروویاسایی و کەلکوەرگرتنی نایاسایی و لەرادەبەدەر لە هێزی زۆر، زەوتکردنی سەرەڕۆیانەی مافی ئازادی، ئەشکەنجە، دەستدرێژی، بێسەروشوێنکردنی زۆرەملێ و ڕاوەدوونان و ئازاردانی ڕەگەزی کراوە.

یەکێک لە خاڵە گرینگەکانی ڕاپۆرتی ئەم کۆمیتەیە سەبارەت بە کوژرانی ژینا ئەمینی لە کاتی دەسبەسەرکرانی ناوبراو لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە بووە و لەمبارەوە ڕایگەیاندووە کە توندوتیژیی فیزیکی بووەتە هۆی مەرگی ژینا ئەمینی و سارا حوسێن سەرۆکی ئەم کۆمیتەیە لە کۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی ڕەشەمەدا بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند: کۆماری ئیسلامی هۆکاری مەرگی ژینا ئەمنییە.

لە ڕاپۆرتی ئەم کۆمیتەیەدا باس لە هەڵسوکەوتی سەرەڕۆیانی دەسەڵات لە ڕێگەی هێزە ئەمنییەتییەکانەوە کراوە و هاتووە کە بەپێی ئامارە جێی باوەڕەکان، ٥٥١ کەسی نارازی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە کوژراون کە لانیکەم ٤٩ کەسیان ژن و ٦٨ کەسیان منداڵ بوون.

هەر بەپێی ئامارەکانی ئەم کۆمیتەیە، لە سەرماوەزی ١٤٠١ـەوە هەتا ئەمساڵ، لانیکەم ٩ کەس دوابەدوای دادگاییکردنی نادادپەروەرانە و بەپەلە و دوای وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ و ئەشکەنجە، لە سێدارە دراون.

بەڵام بابەتی سەرنجڕاکیش دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان، بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتی کۆمیتەیەکە کە لەلایەن ئیبراهیم ڕەئیسییەوە بە مەبەستی بەدواداچوون بۆ لێکدانەوەی شۆڕشی ژینا و لەژێر ناوی «کۆمیتەی هەڵبژێردراوی ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر نائارامییەکانی ساڵی ١٤٠١» بڵاو کراوەتەوە!

ئەم ڕاپۆرتە کە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی ڕەشەمە و بە واژۆی حوسێن موزەفەر، بەرپرسی کۆمیتەکە بڵاو کراوەتەوە بە ڕێژەیەکی بەرچاو چەواشەکاریی ڕاستییەکانی تێدایە، تا جێگایەک کە هێرانا وەکوو هەواڵدەریی چالاکانی مافی مرۆڤ لە کاردانەوە بەم ڕاپۆرتە نووسیویەتی: ڕاستیی شێوەی کار، سەربەخۆیی و بێلایەنیی ئەم کۆمیتەیە لەلایەن ناوەندە نێونەتەوەیی و گرووپەکانی بەرگریکار لە مافەکانی مرۆڤ جێگای گومان و پرسیارە.

ئەم کۆمیتەیە کە ١٠ ڕۆژ دوای ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان ڕاپۆرتەکەی خۆی بڵاو کردووەتەوە لە چەواشەکارییەکی ئاشکرادا باسی لەوە کردووە کە تەنیا ٢٠٢ کەس لە خۆپیشاندانەکانی ناسراو بە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی گیانیان لەدەست داوە کە زۆربەیان چەکدار بوون، یان کەسانێکی ڕێبوار بوون کە لەلایەن ئاژاوەگێڕانەوە بە ئامانج، ئاگاهانە و بەئەنقەست کوژراون.

**لە ڕاستیدا ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا تەنانەت پێش لە بڵاوکرانەوەی زانیارییەکان لەلایەن کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان ڕوون و ئاشکرا بوون، لانیکەم ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان و ئازار و ئەشکەنجەی دەسبەسەرکراوان و باسکردنی ئەم ڕاستییانە دوای ئازادبوونیان ئەویش بە بارمتەی قورس نیشانیان دا کە سەرکوتکارییەکان تا چ ڕادەیەک دڕندانە بوون**

لە بەشێکی دیکەدا، بە ڕەتکردنەوەی ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان باسی لەوە کردووە کە هیچ چەشنە لێدان و بەرکەوتنێکی فیزیکی لە هیچ کاتێکدا بەرانبەر بە ژینا ئەمینی نەکراوە!

کۆمیتەی هەڵبژێردراوی ڕەئیسی بە ڕووهەڵماڵراوییەوە باسی لەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی، لە ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ پرۆژەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



لەلایەن هەندێ وڵاتانی دەرەکییەوە بەرورووو بووەوە کە کەڵکئاوەژوویان لە داخوازییەکانی خەڵک وەرگرت، ئەمە لەکاتێکدایە کە کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و بەپێی بەڵگە بڵاوکراوەکان مەرگی تراژیکی ژینا و هاوکات بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەی کوردستان وای کرد کە خەڵک بڕژێنە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بە ڕێژیم و سیاسەتە گڵاوەکانی دەرببڕن، سەرنجڕاکێشتر ئەوەیە کە هیچ وڵاتێک لە دەسپێکردنی ئەم ناڕەزایەتییانەدا ڕۆڵیان نەبوو و ئەوە ڕووداوێکی نێوخۆیی بوو کە خەڵکی هێنایە سەر شەقام.

هەر لەم پێوەندییەدا، لە ماوەی ڕابردوودا، گرووپی هاکێریی عیداڵەتی عەلی بە هاککردنی سیستمی بەناو دادوەریی ڕێژیم کۆمەڵێک بەڵگەی خستە ڕوو کە نیشانیان دەدا، کۆماری ئیسلامی لە هەوڵدایە بە فرتوفێڵ بنەماڵەی ژینا و بەتایبەت باوکی ناچار بە بێدەنگی بکات تاکوو بڵێسەی شۆڕشەکە دامرکێتەوە، کە بە خۆشحاڵییەوە، هاوکات لەگەڵ پشتیوانیی بێوێنەی خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی ئەمینی، بەهێز و خۆڕاگر لە بەرانبەر ڕێژیم ڕاوەستان و خاوەندارەتییان لە کچەکەی خۆیان کرد و بوون بە هێمای شۆڕشی ژینا.

کۆمیتەکەی ڕەئیسی لە بەشێکدا و بە چەواشەکارییەکی ڕوون باسی لەوە کردووە کە ناوەندەکانی ڕێژیم لەوانە دەزگا ئینتیزامییەکان و دادوەرییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ١٤٠١دا بەرپرسانە جووڵاونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ناوەندەکانی ڕێژیم زیاترین ڕۆڵیان لە سەرکوتی ناڕەزایەتییەکاندا هەبوو و جیا لە کوشتنی ٥٥١ کەس بەپێی ئامارەکانی کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی خۆپیشاندەر بە فیشەکی ساچمەیی ئەم هێزانە بریندار کران و بەشگەلێک لە جەستەیان لەدەست دا.

لە ڕاستیدا ڕووداوەکانی شۆڕشی ژینا تەنانەت پێش لە بڵاوکرانەوەی زانیارییەکان لەلایەن کۆمیتەی دۆزینەوەی ڕاستییەکان ڕوون و ئاشکرا بوون، لانیکەم ڕێژەی دەسبەسەرکرانەکان و ئازار و ئەشکەنجەی دەسبەسەرکراوان و باسکردنی ئەم ڕاستییانە دوای ئازادبوونیان ئەویش بە بارمتەی قورس نیشانیان دا کە سەرکوتکارییەکان تا چ ڕادەیەک دڕندانە بوون، لەم نێوانەشدا ئەشکەنجە و ئازاری ژنان بابەتێکی هەستیار و جێگەی باس و لێکۆڵینەوەیە. لە بەرانبەر ئەمەدا، دامەزرانی کۆمیتەی هەڵبژێردراوی ڕێژیم ڕێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاستییەکانە نەک دەرخستنی ڕاستییەکان!

ڕێژیم بە دامەزراندنی ئەم کۆمیتەیە لە هەوڵدایە کە درۆ بخاتە بەرانبەر ڕاستییەکان و ڕای گشتی بخاتە گێژاوی نەزانییەوە، بەڵام گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەبات دژ بە ڕێژیم بەتایبەت لە کوردستان و لەلایەن ژنانەوە، نیشاندەری ئەو ڕاستییە بوون کە بەلاڕێدابردن و چەواشەکاری ناتوانێ هیچ لە ڕاستیی پرسە بگۆڕێ و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە گوێی جیهان گەیشتووە و نوێنەرایەتیی ئازارەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران و بەتایبەت ژنانی کوردستان دەکات.

ڕێژیم پێی وایە دەتوانێ هاوارەکان بخنکێنی و درێژە بە سەرکوتکارییەکانی خۆی لە بەرگێکی بەناو یاساییدا بدات، بێئاگا لەوەی کە هیچکات ڕاستییەکان ناشاردرێنەوە و تیشکی ڕاستی لە تاریکترین ساتەوەختەکاندا خۆی دەردەخات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تەنیا بە عیشقی پێشمەرگە دەکرێ



ڕەسووڵ سوڵتانی

پێشمەرگایەتی جوانترین و پیرۆزترین هەڵبژاردنی تاکی کوردە، ئەو کاتەی نیشتمانەکەی پێخوستی پۆستاڵی دوژمن دەبێ و میللەتەکەی لە بندەستیدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی نەمان و توانەوە. لە دەمەدا ئەو مرۆڤانەی هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن و ویژدانیان زیندووە و دەماری غیرەتیان نەمردووە، ناتوانن دانیشن و سەیری زوڵمی زۆردار و هێرش و کوشتاری داگیرکەر و مەرگی هاونیشتمانەکانیان بکەن. ئەوانە سوور دەزانن پێ دەنێنە ڕێگەی بێ گەڕانەوە بەڵام بە عیشقەوە ئەو ڕێگەیە هەڵدەبژێرن و سەر بە نیشتمان دەسپێرن.

سۆما ناسری، لە نێو کاروانی شۆڕشگێران و تێکۆشەرانی دیموکراتدا ئیدی ناوێکی دیار و ناسراوە، جیا لە وەرگێرانی ڕۆمانێکی بەرز و شیرین بە ناوی «کابووس» و نووسینی کۆمەڵێک دەقی زۆر جوانی ئەدەبی کە بەداخەوە بڵاوی نەکردوونەوە، پاش ڕاپەرینە شکۆدارەکەی ژن ژیان ئازادی، سۆما هەوڵی دا بەشێک، یان بڵێین گۆشەیەک لە جەنایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی «سوورخەڵاتان» کۆ بکاتەوە و بەڵگەمەندی بکات کە ئەو کتێبە ئێستا بووەتە دوو بەرگ و چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

بەر لەوەی بچمە سەر زەحمەتەکانی ئەو کارە، بە پێویستی دەزانم ئاوڕێک لە گرینگییەکانی بدەمەوە.

هەر قۆناغێک بە ڕووداوەکانییەوە دواتر دەبێتە هەوێنی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئاکادیمی. بۆ نموونە ڕاپەرینەکەی ساڵانی چلوشەش چلوحەوت، یان جەنایەتەکانی ڕێژیم لە قارنێ و قەڵاتان و بە گشتی لە هەموو کوردستاندا، ئێستا نامەی ماستەر و دکتۆرایان لەسەر وەردەگیرێ و هەوێنی لێکۆڵینەوەن. لەوانەیە لەبەر چاوی ئەو کەسانەی کە هەر سروشتیان وایە گەوهەر و گرینگیی هیچ کارێک نەبینن یان ئەگەر دیتیشیان بەکەمی بگرن و بە سووک لێی بڕوانن، ئەو کارەی سۆما شتێکی ئەوتۆ نەبێ بەڵام لەبەرچاوی ئەوانەی دەزانن دیکۆمێنتی سات و قۆناغە گرینگەکان چەندە پڕ بایەخ دەبن، گرینگی و بایەخی ئەو کارە، لە ڕادە بەدەرە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەسەرکردنەوەی ئەو بنەماڵانەیە کە یەکێک لە ئازیزە هەرە ئازیزەکانی خۆیان لە پێناوی ئازادیدا لە دەست داوە و ڕێزگرتنەوەشە



لەو مەزنە مرۆڤانەی گیانی شیرینیان واتە بەرزترین سەرمایەی ژیانیان پێشکەشی بارەگای نیشتمان و ئازادی کردووە. سەرەڕای ئەوانەش ئەم کتێبە ناهێڵێ تۆزی ڕۆژگار لەو ئاوێنەیە بنیشێ کە ڕوخساری دزێو و قێزەونی ڕێژیمی پەت و سێدارەی ئیسلامی نیشان دەدا و بەڵگەیەکی هەمیشە زیندووە بۆ نەوەکانی داهاتووی گەل.

ئەم کارە ڕەنجی فەرهادی دەوێ و تەنیا عیشقی شیرینی پێشمەرگە باشاری دەکا. لە نێو ئەو هەمووە دڵەڕاوکێ و مەترسییەدا، لە نێو ئەو هەمووە کاروچالاکییەدا و لەوپەڕی بێ دەرەتانی و نەبوونی و بێ ئیمکاناتیدا تەنیا ئەڤینی پێشمەرگانە دەتوانێ تینوگوڕی وەها کارێکت پێ ببەخشێ کە هیچ پاداشتێکی ماددیشی لێ ناکەوێتەوە. لەلایەکی دیکەوە داواکردن لەم و لەو بۆ ناردنی دیکۆمێنتی باوەڕپێکراو و وردبینانە و تایپکردنەوە و یەکدەستکردنەوەی ڕێنووس و ڕێزمان و زمان و دیزاین و بەرگ و ئەوجار مشووری چاپکردن و تێچووی چاپ، هەموو ئەوانە چۆن دەکرێن ئەگەر عیشقێکی پیرۆز نەبێ؟

لێرەدایە شاعیر دەڵێ:

لە فەرهادێ مەپرسن چۆن دەکا
باشاری بەردی شاخ
ئەڤینی شیرنە دەتکێ لە بەرد و
دارەکەی بێستوون




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بووکی ڕەشپۆشی دێموکرات



نەسرین یوسفزادە

گەر بمانهەوێ باس لە عەشق و دڵداری بکەین و ناوی ڕێزان و محەممەد خەلیلیمان لە یاد بچێ، دیارە غەدرمان لە وشەی عەشق کردووە و مانای خۆشەویستیمان لەبیر نەماوە. ڕێزان کچێک لەنێو بنەماڵەیەکی حیزبی دەبێتە تاقانەی چەند برا و خۆشەویستی دایک و بابی. ناوی ڕێزانی لێدەنێن و وەک ڕەنگی پاییز ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زەرد و سورتر لە هەموو کات ئاڵ و والا دەڕازێتەوە و گەشە دەکا.

ڕێزانی تاقانەی برایان و نازداری دایە و بابە وەک هەموو کچانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات گەشەی کرد و گەورە بوو، دەرسی خوێند و لە ڕشتەی پەرستاری دەرسی خوێند. لە نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژی حیزبی دێموکرات وەک پەیمانکار دەستی بە کار کرد. عاشق بوو، یەکەم هەنگاوی ژیانی دڵدارانەی لەگەڵ دڵدارەکەی هەڵهێناوە کە دەستی ڕەشی دژانی دڵداری و جوانی، لە شەشی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی دا و لە ئەنجامی هێرشێکی دڕندانەی هاژەکی کە بۆ سەر قەڵا و بنکەکانی دێموکرات کرا خۆشەویستەکەی لەگەڵ چەند هەڵاڵە سوورەی دیکە بوو بە ققنووس و هەتاهەتایە ناوی چووە نێو ڕیزی شەهیدان و ڕێزانیش وەک هەموو ئەو ژنانەی هاوچارەنوسین ژوانگەی هەتاهەتایی



بوو بە مەزارگەی پیرۆزی شەهیدان.

محەممەد خەلیلی لاوێکی ڕووخۆش و لێوبەبزە و پڕاوپڕ لە ژیان و توونی ئازادی کاتێک لە مهاباد هەستی بەوە کرد چیتر ناتوانی زوڵم و بێدادی تەحەمول بکا بڕیاری دا ڕێگای ڕاستی هەڵبژێری و هەنگاوی بەرەو مەتەریزی وەفادارانی ڕاستەقینەی قاسملووی ڕێبەر هەڵێناوە و بوو بە پیشمەرگە.

دوای تەواو بوونی فێرگەی و سازمان دانی لە ئۆرگانی ئەمنیەتی حیزب دەستی بە خزمەت بە حیزبەکەی کرد. بە هۆی لێهاتوویی لە یانەکانی تۆپی پێ چووە نێو تیپی تۆپی پێی کۆیە و لەوێش سەرکەوتوو بوو، وەک زۆر لە لاوانی دیکە و وەک زۆر لە پێشمەرگە لاوەکان ئەویش مافی دڵداری بە خۆی دا و بە دڵێکی پاکەوە سفرەی ئەوینی بۆ ڕێزانی تاقانە هەڵڕشت و بانگێشتی هێلانەی دڵدارانەی خۆی کرد و ڕێزانیش ئەو دڵدارییەی بە بزەی جوانی و وەفاوە وڵام دایەوە.

چیرۆکی ژیانی محەممەد خەلیلی و ڕێزانی کچە پیشمەرگە لەوانەیە لە ڕواڵەتدا زۆر نەبی ، بەڵام دەکرێ ببێتە یەک لەو چیرۆکانەی کە هەتا هەتایە دڵداران بۆ یەکی بگێڕنەوە.

شەشی ڕەزبەر نزیک بە دە ڕۆژ بوو، کە ژینا ئەمینی کچە کوردی خەڵکی شاری سەقز لە تاران ناجوامێرانەو بە دەستی گەشتی ئیرشاد کوژرابوو و خەڵک تووڕە لەوەی کە کچێک بە بێ تاوانی لە تاران بەو شێوازە دەکوژرێ دێنە دەرێ و هاواری ئازادی دەکەن.

خەڵکێکی زۆر لەلایەن حیزبەکان لەو دە ڕۆژەدا لە شارە جۆرا و جۆرەکانی کوردستانی باشوور، ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان بەشداریان لە خۆپیشاندانەکان بەدژی ڕێژیمی ئێران کرد.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکان داوای لە خەڵک کرد بە شێوازی مەدەنی درێژە بە خۆپیشاندانەکان بدەن و خەڵکیش بە باشتیرن شێوە وڵامی حیزبەکانیان داوە و ئەوە بوو بە هۆکاری تووڕەیی



حکوومەت و لە شەشی ڕەزبەر دا ئەو پەڕی ڕق و کینەی خۆی بە هایوشتنی دڕندانەترین چەکی مومکینی خۆی بەرە و بنکەکانی حیزبە ڕۆژهەلاتییەکان کوڵی دڵی خۆی دامرکاند و ئەوەندەی دیکەی ڕقی پیرۆزی خەڵکی کوردستانی بۆخۆی بە خەڵات وەرگرت.

ئەو ڕۆژە بەیانی محەممەد وەک هەموو ڕۆژەکانی دیکە دێ بۆ قەڵا وەک هەموو کاتێک بە جەفەنگ و شۆخی لەگەڵ هاوڕێکانی قسە دەکا و دڵیان خۆش دەکا. کاتژمێر دەی بەیانی یەکەم هێرشی هاژەکی بۆسەر کۆمەڵە دەکرێ و دوای ئەوە بۆ حیزبی دێموکرات و پارتی ئازادی، بەیانی ئەو ڕۆژە کۆمەڵێک خەڵک لە حیزبی دێموکرات و پارتی ئازادی شەهید و بریندار بوون.

محەممەد خەلیلی شۆفیری ماشێنەکەی ئەمنیەت بوو بۆیە بەپەلە دەستی کرد بە ڕاگۆاستنی خەڵک و زەحمەتی زۆر کێشا. ماوەی یەک دوو کاتژمێر هێرشەکان ڕاگیرابوو بەداخەوە لە کاتژمێری ٢ی دوانیوەڕۆدا جارێکی دیکە دەستی کردەوە بە هاویشتنی دڕۆن و هاژەک و بەداخەوە محەممەد لەگەڵ چەند کەسی دیکە پەپوولەئاسا بەرەو ئاسمان باڵیان گرت و چوونە نێو ڕیزی نێودارانی مێژوو و ڕێزانی تازە بووک بۆ هەتاهەتایە بوو بە بووکی ڕەشپۆشی دێموکڕات.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی بەرخۆدانەوە بەرەو هەڵاواردن



ناسک نەسیری

لەوانەیە بۆ خوێنەر، ئەم سەردێرە بە واتای ئەوە بێ کە ژنانی کورد لە ڕیزی پێشەوەی بەرخۆدانی کۆمەڵگە و شۆرشی کوردستان بوون و ئێستا هەڵیاندەهاوێرن و ناهێڵن ئەرکیان بخرێتە ئەستۆ.

هۆکاری ئەم لێ هەڵگرتنەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەدان بابەت و وتووێژ کە لەلایەن چالاکانی مافی ژنان یان

**تێکەڵاوبوون و ژیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژاوای جیهان، نەک هەرزۆرینەی ڕەهای ژنانی کوردی تاراوگەی بەرەو نەریتە دێموکراسییەکان نەگۆڕیوە، بەڵکوو حەز بە دوو بابەت، وەهای کردووە کە لەناو دڵی وڵاتانی ڕۆژاوای جیهان، ژنانی کورد بە نەریتی هاوردەی ١٥٠٠ ساڵ لەوەی پێش بجووڵێنەوە**

ئەو ژنگەلە کە بە ناوی ژنانەوە قسە دەکەن —نەک چالاکی- لەمبارەوە.

ئەوەی کە هەڵاواردن لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین گەلێک زۆرە —مخابن لە ڕۆژاوای جیهانیش هەیە، بەڵام بە شێوەی تر- گومانی لێ ناکرێ.

بەڵام مەبەستی ئەم کورتە وتارە، خۆهەڵاواردنی ژنانە لە پیاوان.

سنوور کێشیان لە نێوان خۆیان و پیاوانی کورد و سەنگەری دژبەر لە دژی پیاوی کورد. ئەمەش ئەزموونی نووسەری ئەم دێرانە وەک چالاکێکی مافی ژنان لە تاراوگەیە و لە ڕاستیشدا خودی باسەکە پەیوەندیی بە ژنانی کوردی تاراوگەوە هەیە نەک ناوخۆ. ئەم مژارەش دوو لایەن دەگرێتەوە کە لێرەدا باسیان لێوە دەکرێ:

لایەنی یەکەم:

• لە چەند ساڵی ڕابردوودا —دەکرێ بێژین ١٥ ساڵی ڕابردوو- ڕەوتێک بەناوی فێمینیزمی کوردی سەری هەڵداوە، کە ئەزقەزا ڕێک خراپترین جۆری فێمینیزمە کە بە ئانارکۆ-فێمینیزم ناسراوە. کە لە دوو وشەی ئانارشیزم و فێمینیزم پێکهاتووە. ئەوەی کە ئانارشیزم چەند ناسەرکەوتوو بووە و خودی فێمینستەکان بەرهەڵستی دەبنەوە و تا بە ئەمڕۆش کەمترین لایەنگری هەیە کەچی لەناو کورددا، تازە سیرە لە کورد و کۆمەڵگای کوردستان دەگرێت. ئەو سەرهەڵدانەش لەوانەیە چەند هۆکاری هەبێ بەم شێوەیە:

• یەک: چونکو گرژ و تووڕەیە و ڕادیکاڵە، بۆی هەیە زووتر دەنگدانەوەی هەبێ. دەنگدانەوەکەش دەکرێ بێژین نەرێنیە، چونکو کۆمەڵگە بەتەواوی

**نەبوونی ناسیاوی لە کۆمەڵگەی کوردستان و سەرهەڵنەدانی ئەم بیرۆکە ڕادیکاڵە بەبێ سەرنجدان بە قۆناخەکانی گەشەی کۆمەڵگەی کوردستان و ویست و ڕیزبەندییەکانی ویستی ژنی کوردستان**

لەگەڵی دژە. دژایەتیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ نەگونجانی لەگەڵ زۆرینەی ڕەهای کۆمەڵگە. ئەگەر بچینە بنج و بناوانیشی کە بۆچی ئەو کەسانە ئامادەن ئەم دژایەتییە بۆخۆیان بکڕن، لەوانەیە بچێتە نێو باسێکی دەروونناسییەوە کە لە توانای نووسەری ئەم بابەتەدا نییە.

• دوو: ئەم قۆناخە لە فێمینیزم، زۆرترین دروشم و کەمترین کردەوەی نەیتوانیوە خەونەکانی خۆی وەدی بهێنێ، هێندە ئاشکرایە کە پێویست بە قسە لەسەر کردن ناکات. لەسەر شکستی ئانارکۆ-فێمینیزمیش ئەوەندە دەڵێین کە: قۆناخی دووهەمی فێمینیزمە و لە ساڵەکانی (١٩٦٠) تا (١٩٩٠)ی زایینی کە لەوێدا بیرۆکەی ڕادیکاڵ فێمینیستەکان سەری هەڵداوە. کە لە قۆناخی سێیەمدا، هەیە. دەکرێ زەوی و زەمان بکەی بە دوژمن بەبێ ئەوەی یەک بەڵگەشت هەبێ. دەکرێ هەموو کەس و نەریت و یاسایەک بە تاوانبار بزانی، بە بێ ئەوەی هیچ ئالترناتیڤێکت هەبێ. بۆیەش دروشم و قسەی زۆر و کرداری کەمی دەوێ کە ئەمە بۆ زۆر کەس سانایە. ئیتر لێکەوتەکانی لەسەر خودی فێمینیزم و کۆمەڵگە چ دەبێ، پێموانیە بۆ ئەوان گرنگ بێ.

• نەبوونی ناسیاوی لە کۆمەڵگەی کوردستان و سەرهەڵنەدانی ئەم بیرۆکە ڕادیکاڵە بەبێ سەرنجدان بە قۆناخەکانی گەشەی کۆمەڵگەی کوردستان و ویست و ڕیزبەندییەکانی ویستی ژنی کوردستان.

• هەبوونی دەستی نەیار و داگیرکەر لە هەندێک ڕەوتدا کە ئەمەیان ئاشکرایە کە داگیرکەرانی کوردستان بەردەوام هەوڵیان داوە و هەوڵ دەدەن هەموو شت و ڕەوت و ڕێبازێک بۆ لێدانی کوردستان و کورد بقوازنەوە. دەکرێ بڵێین بۆ ئەم لایەنەیان، ڕژیمی ئێران لە ساڵانی ڕابردوودا، هەناردەشی کردووە. دەکرێ بەناوی بەرگری لە ژنی کورد، هێرش بکەیتە سەر نەریت، کۆمەڵگە و پیاوی کوردستان و بەبێبایەخ و هیچی بناسێنی لە کاتێکدا کە خۆشت بە خەمخۆری پیشان دەدەی. ئەمەیان شەڕی نەرم و ڕەوانیە و دەشێ کۆمەڵگەی کوردستان لێی وشیار بێتەوە.

لایەنی دووهەم:

تێکەڵاوبوون و ژیان لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕۆژاوای جیهان، نەک هەرزۆرینەی ڕەهای ژنانی کوردی تاراوگەی بەرەو نەریتە دێموکراسییەکان نەگۆڕیوە، بەڵکوو حەز بە دوو بابەت، وەهای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردووە کە لەناو دڵی وڵاتانی ڕۆژاوای جیهان، ژنانی کورد بە نەریتی هاوردەی ١٥٠٠ ساڵ لەوەی پێش بجووڵێنەوە کە ئەمیان خەمی سەرەکیی نووسەرە و هەمیش کەلێنی نێوان فێمینیزمی کوردی و ژنی کورد لە هەندەران دەردەخات. تۆ بێژی ئەم کەلێنە لەگەڵ ناوخۆ چلۆن بێت؟

دوو بابەتەکە کامانەن:

یەک: گەڕانەوە بۆ ناوخۆ و سەردانی خزم و کەس و لە ئەنجامدا هەوڵدان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن لە هەندەرانیش مسوڵمانانە دەژین. ئەم پرسەیان زۆرتر باشوور و باکووری کوردستان دەگرێتەوە، کە ژنێکی زۆری کوردی ئەم دوو پارچەیە لە هەندەران، خەریکن دوو سیما لە خۆیان دەخەنە ڕوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەم سیمایەی کە باشووری کوردستان حەزی پێیەتی، بەسەریاندا زاڵە و سیمای هەقیقیە، خەریکن یەکجار زیادەڕەوی دەکەن، بە جۆرێک کە تا ئێستا لە چەند وڵاتی ئورووپایی، داوایان کردووە کە بۆنەی نەتەوەیی نەورۆز بە جیا بگیردرێ و ژن و پیاو لە یەکتری جیا بکرێتەوە، تەنانەت بەشێکی زۆر ڕایانگەیاندووە کە تاکە مەرجی بەشداری کردنیان لە ئاهەنگی نەورۆز جیاکردنەوەی ژن و پیاو لە ئاهەنگەکە و لە دوو کات یان شوێنی جیاوازە.

ئەوە لە کاتێکدایە کە کوردستان نیشتمانی سەرهەڵدان و هەبوونی حەفسەخانی نەقیب، مینا خاتوونی قازی، قەدەم خەیر، عادیلە خانمی هاوسەری ئۆسمان پاشای جاف، رابیعە خانمان بۆ دەکات کە سەرگەورەی نانەواکان بووە لە شاری سلێمانی، لەیلا قاسم، لەیلا زانا، مەستوورە ئەردەلان، مەیرەم خان، ئایشە شان، زارا محەممەدی، زەینەب جەلالیان

وەک نموونەش، باوکی مێژوونوسانی کورد شەرەفخانی بدلیسی باسی دەوڵەت خانمان بۆ دەکات کە لە ساڵی ١٣١٦ – ١٣١٧ زاینیدا لە میرنشینی لوری بچوک لە دوای مردنی هاوسەرەکەی دەسەڵاتی گرتۆتە دەست. باسی ئەوەشمان بۆ دەکات کە لەو دەڤەر و کۆمەڵگە خێڵەکیە سەردارانی هۆز و خێڵەکان لەو سەردەمەدا ئامادە نەبون مل بۆ دەوڵەت خانم بدەن و ئەویش بەناچاری دەستی لە دەسەڵات هەڵگرت بۆ میر عیزەدین حوسێنی برای. هەروەها شەرەفخان باسی حەلیمە خانی هەکاری و کوێخا نێرگزی شوانمان بۆ دەکا کە لە نێو کوردەکانی ئەو دوو دەڤەرەدا نێوبانگیان دەرکردبوو.




**گەڕانەوە بۆ ناوخۆ و سەردانی خزم و کەس و لە ئەنجامدا هەوڵدان بۆ ئەوەی بیسەلمێنن لە هەندەرانیش مسوڵمانانە دەژین. ئەم پرسەیان زۆرتر باشوور و باکووری کوردستان دەگرێتەوە، کە ژنێکی زۆری کوردی ئەم دوو پارچەیە لە هەندەران، خەریکن دوو سیما لە خۆیان دەخەنە ڕوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنن ئەم سیمایەی کە باشووری کوردستان حەزی پێیەتی، بەسەریاندا زاڵە و سیمای هەقیقیە، خەریکن یەکجار زیادەڕەوی دەکەن**

یان خانزاد خانی خوشکی میر سلێمان فەرمانڕەوایی میرنشینی سۆران، لەو کاتەی کە هەریر پایتەختی ئەو میرنشینە بووە و دوای ئەوەی والی بەغدا میر سلێمان دەکوژێ. ئەو خانمە میرزادەیە وەکو ئەمیرەی سۆران لە مێژووودا نێوی دەرکردوە و بە وتەی مێژوونووسان گەلێ شوێنەواری لە دوای خۆی بە جێهێشتوە، کە بە نێوی خۆیەوە ماونەتەوە، وەکو پرد، مزگەوت و قوتابخانە. تا ئێستاش شوێنەواری کۆشکی خانزاد لە هەریر ماوە.

لە کۆتاییدا ئەم ڕەوتە پێچەوانەیە کە لەناو ژنانی کورد لە هەندەران سەری هەڵداوە و بەرەو گەشە سەندنە، جێگای مەترسییەکی مەزنە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



شەهرام سوبحانی

# خاڵە لاوازەکان چین؟ و ڕێگە چارە چییە؟

مێژوویی کورد پڕە لە هەوراز و نشێوی جۆارا و جۆر، کە ئاوێنەی ڕاستەقینەی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیەکی بندەست و زوڵم لێکراوە، کە لە پێناو گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی کۆڵی نەداوە و بەچۆکدا نەهاتووە.

تەنانەت بەگوڕتر و شێلگیرانەتر و قایم بەزاتتر پێداگر بووە لە سەر گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆی.کەوابوو لە قۆناغی یەکەم دا سەرکەتوو بووینە کە مانەوەمان بووە لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا، بەڵام بەداخەوە لە قۆناغەکانی دوایی شۆڕش نەمانتوانیوە خەسار ناسییەک لە خۆماندا بکەین و ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لەنێو ماڵی خۆماندا پێک بێنین کە ئاکامەکەی سەرکەوتنی یەکجاریمان بێ، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەم بەشێک لەو خاڵە لاوازانە باسک بکەم کە ئەمڕۆ تەنگی بە کورد هەڵچنیووە.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی عەقڵییەتی ئێستای کورد مەسەلەی «ناوچەگەرایی و زێد پەرەستییە»، ئەم ڤایرۆسە لە کۆمەڵگەی کوردیدا قۆڕی داگە بە ماڵ کوردە و تەنگی پێ هەڵچینەوە. واتا هەر کەس خەڵکی هەر شارێک یا ناوچەیەکی ئەم کوردستانە بێ، پێی وایە هەر ئەوێ کوردستانە و کوردستانیش هەر یانێ ئەوێ، پێی وایە هەر تەنیا لەوێ کورد هەیە و جگە لەوێ کوردی ڕەسەن بوونی نییە، ئەمە دەرخەری کورت بینی کوردە کە ناتوانێ دوورە دیمەنی زیاتر کات. وەک ماموستا عەبدوڵڵا پەشێو دەڵێ: دابڕ دابڕیان کردووین و لە شتە سەرەکییەکەی خۆمان دووریان خستووینەتەوە کە ئەویش کورد بوونمانە، بەڵام هیوادارم کورد لەم ڤایرۆسە خۆی بە دوور بگرێتەوە و کوردستان تەنیا قەتیس نەکاتەوە بە شارێک یا بە گوندێک، چونکە ئەوە سیاسەتی داگیرکەرانە وەک چۆن نەقشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتیان تەنیا قەتیس کردۆتەوە بە یەک پارێزگا(پارێزگای سنە) ئەویش پارێزگای سنەیە، ئەمە لە کاتێک دایە کە ئێمە چەندین پارێزگای کوردستانمان هەیە. کەوابوو ئێمە نابێ لەچوارچێوەی ئایدیای حاکمانی تاران یا هێژمونی ئەوان بڕوانییە کوردستان، بەڵکوو دەبێ لەو داوانە خۆمان ڕزگار بکەین و بتوانین لە قۆناغی زێد پەرەستی بچنە قۆناغی نیشتمان دۆستی، وەک کاک ناسر ڕەزازی دەڵێ: من سنەیەکی مەهابادیم، من بۆکانیکی پیرانشاریم، من ئیلامییەکی کرماشانیم و..... هتد.

- یەکێکی دیکە لە خاڵە لاوازەکانمان نەبوونی ویژمانێکی هاوبەشە لە نێومالی خۆماندا، بەداخەوە ئەم یەک نەبوون و هاوڕانەبوونە لەنێو ماڵی کورددا، وای کردووە نەتوانین تەرکیزی زیاتر بخەینە سەر هێزی بەرانبەرەکەمان کە ئەویش دوژمنەکەمانە، واتا ئەو هێزەی کە قەرارە تەرخانی دوژمنانی بکەین زیاتر بەسەر خۆمانی دا تاقی دەکەینەوە کە ئەم دیاردەیە هەڵەیە و بووتە هۆی ئەوەی، کە بە قەوڵ کوردەواری دەڵێ: «هەر لە جێگەی خۆماندا وەک خۆل خۆلە دەخۆلێینەوە». جا بۆیە بۆ دەرباز بوون لەم دیاردە مەترسیدارە، ئەرکە و پێویستە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان خۆیان ڕێک بخەن و پلانێکی نوێی و هاوبەشانەیان لەچوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەکەیاندا بڕژێن، چونکە بەڕاستی لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وشیاری نەتەوەیی ڕۆژهەڵات گەیشتۆتە ئاستێک کە لە هەر بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی دا خۆیان دەردەخەن و پەیامی خۆیان لەپێشدا بە داگیرکەر دەگیەنن کە «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان»، دوو بە حیزبەکانیان کە پێیان بڵێن ئێمە ئامادەین بۆ خەبات بەس چاوەڕوانی هاتنەوە تانین. کەوابوو ئەم وشیاریی نەتەوەیی و سیاسیە نابێ ببێتە قوربانی سیاسەتی هەڵە، دەبێ سیاسەتەکانمان لە چوارچێوەی خواست و ویستی خەڵکدا بن، چونکە کاری سیاسی ڕێک ئەوەیە و ڕەنگدانەوەی داخوازییەکانی خەڵکە، ئاڵاهەڵگری پەیام و ویژمانی خەڵکە، ئەڵبەت با ئەوەش لەبیر نەکەین یەکخستنی پلان و ویژمانی هاوبەش بەپێی هەلومەرج و ئاڵەنگارییەکانی داهاتوو ڕوو دەدا و شتێکی مەحاڵ نییە.


خاڵە لاوازەکان زۆرن، بەڵام هەوڵم دا گرینگ تریناں باس بکەم ئینجا لە کۆتاییدا دەپڕژێمە سەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکان کە کورد چۆن دەتوانێ لە قۆناغی زێد پەرەستی بچێتە قۆناغی نیشتمان دۆستی! پێم وایە کورد پێویستی بە فەرهەنگ سازییە، پێویستی بە دامەزراندنی فێرگە و پەروردەیەکی بەهێزە کە تەرکیزی لە سەر نیشتمان دۆستی بێ، بە جۆرێک کە خۆشەویستی کورد بۆ نیشتمانەکەی تەنیا داخراو و قەتیس بە ناوچە و خێڵەکێک و زاراوەیەک نەبێ، واتا تێڕوانینمان سەبارەت بە جیاوازییەکانی نێوماڵی خۆمان بگۆڕین بە جۆرێک کە جیاوازییەکانی نێوماڵی خۆمان بە جوانی و دەرفەتێک بۆ پێکەوە بوون و بەهێز بوونمانی بزانین، نەک بۆ دژایەتی لەگەڵ یەکتری.

با ئێعتراف بەوەش بکەین یا بە ڕاشکاوی بڵێین: کە ئەگەر هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان تەرکیزیان لە سەر پرسی نەتەوەیی و نیشتمان دۆستی بوایە ئاوا ئێستا لە مێژ بوو ڕزگار بووین.

ئەڵبەت لەم بوارەدا تەنیا حیزبێک کە بەپێی بەڵگە و مێژوو بۆ چارەسەری پرسی کورد هەنگاوەکانی زیاتر نەتەوەیی بوونە حیزبی دێموکرات بووە، بەڵام زیاتر مەبەستم گشتییە بۆیە ئەم کارە بە یەک لایەن ناکرێ و پێکەوە دەتوانین بیکەین.

> **کورد چۆن دەتوانێ لە قۆناغی زێد پەرەستی بچێتە قۆناغی نیشتمان دۆستی! پێم وایە کورد پێویستی بە فەرهەنگ سازییە، پێویستی بە دامەزراندنی فێرگە و پەروردەیەکی بەهێزە کە تەرکیزی لە سەر نیشتمان دۆستی بێ، بە جۆرێک کە خۆشەویستی کورد بۆ نیشتمانەکەی تەنیا داخراو و قەتیس بە ناوچە و خێڵەکێک و زاراوەیەک نەبێ،**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



چیمەن ئارس زادە

# بزووتنەوە و خەباتی ژنان



لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا چەندین شۆڕشی سیاسی لە سەرانسەری جیهاندا هەبووە، کە بە شێوەیەکی گشتی شکستیان هێناوە لە جێبەجێکردنی یاسا سەرەتاییەکانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوتی گشتی بەرەو دیموکراسی هەر بەردەوامە، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا، وەک شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران، تەنانەت گەڕانەوەش بۆ ستەمکاری کۆن زیادی کردووە، یەکێک لە لاوازییە بنەڕەتییەکانی پێشکەوتن و شۆڕشە سیاسییەکان، جیاوازییە لە داواکاری گۆڕانکاری سیاسی لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا. شۆڕشی بنەڕەتی لە چوارچێوەی کۆمەڵگە و کەلتووری سیاسیدا ئەولەویەتی هەیە بەسەر پێشکەوتنەکانی ئابووری و دەستەی سیاسی فەرمانڕەوادا، مەگەر چوارچێوەی کۆمەڵایەتی بچێتە ناو ئەو پەرەسەندنە شۆڕشگێڕانەیەوە، هەر شۆڕشێک لە سەرەوە و گۆڕانکارییەکان تەنانەت ڕووبەڕووی ئەگەری گەڕانەوەی ستەمکاری کۆن و ئەمجارە بەهێزتر دەبێتەوە. لێرەدایە کە گرنگی بزووتنەوەی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زیاتر ڕوون دەبێتەوە. بزووتنەوەی ژنان بەرەو دامەزراوەییکردنی پێکهاتەی نوێ هەنگاو دەنێت بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافی یەکسان لە هەموو ئاستەکانی کۆمەڵگەدا.

شۆڕشی ژنان لەدژی هەموو پێکهاتەکانی دەسەڵاتی پێشوو بەڕێوەدەچێت، ئەمە دەتوانێت ببێتە بەڵێنی سەرکەوتنێکی بڕیاردەرانە و نەگەڕاوە بۆ شۆڕش، ژنان توانای ئەوەیان هەیە کە سەرکردایەتی شۆڕشە گشتییەکان بکەن و تا ئەو کاتەی ژنان لە پێشەوەی شۆڕشەکاندا نەبن، ئازادی و یەکسانی بەدی نایەت، ئەوە ژنانن کە دەتوانن منداڵی ئازادی پێگەیشتوو و تەواو بکەن بۆ ئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بتوانێت ئازادی بەدەست بهێنێت، ئەگەر شۆڕشێکی ئازادکەر لەم بەشە خراپەی جیهاندا هەبێت، ئەوا شۆڕشی ژنان دەبێت.

بزووتنەوەی خەباتی هەموو نەتەوەیەک بەرهەم دەهێنێت کاتێک ژنان ڕۆڵی پێشکەوتوو و کاریگەر لەو ڕۆڵەدا دەبینن، دامەزراوەی بیرکردنەوەی دیکتاتۆرەکان و فەرمانڕەوا ئایینی و پیاوسالارییەکان بە تەواوی لەم چەمکە تێگەیشتوون، کە ژنانی ئاگا، بیرمەندانی بیرکردنەوە و بیرکردنەوە، کۆڵەکەی دیکتاتۆریەت و دیکتاتۆریی خۆیان تێکبدەن، بۆیە دیکتاتۆرەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن.

بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی کە هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دیکتاتۆر و لەناوبردنی کۆمەڵگەی ئایینی و پیاوسالاری دەدات، دەبێت بە تەواوی لە دەسەڵات و ڕۆڵی ژنانی ڕۆشنبیر تێبگات و ئەم بزووتنەوەیە سەرکەوتنی تەواو بەدەست دەهێنێت کاتێک ڕۆڵی ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بە نرخ دەزانن.

چونکە ژنان دەتوانن وەک هاندەرێک خزمەت بکەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن و ڕووخاندنی دیکتاتۆر یەکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەری.

هەتا نەوەیەک لە ژنانی ئازاد و گشتگیر بوونی هەبێت، هەرگیز نەوەیەک لە پیاوانی ئازادیخواز نابینین کە لە پێناوی دادپەروەری و یەکسانی و مرۆڤایەتیدا شەڕ بکەن.

ژنانی ئازادیخواز و بیرمەندی هەمان کۆمەڵگە ڕاهێنان بە دادپەروەری و ڕۆشنبیری دەکەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی «شلێر ڕەشیدی»



ن. ئا: تریفە فاتیحی



شلێر ڕەشیدی شاعیر، لێکۆڵەر و چالاکی مەدەنی وکۆمەڵایەتی، ساڵی ١٣٥٢ ی هەتاوی لە شاری مێژوویی سەقز چاوی بە دنیا هەڵێناوە.

شلێر هەر لە سەردەمی منالیەوە هۆگری خۆی بە شێعر و ئەدەبیات نیشان داو بە خوێندنەوەی شێعری شاعیرانی گەورە وەک »حافز، پەروین ئێعتسامی، هێمن ،هەژار ، قانع، فرووغی فەڕخزاد «ژیانی شاعیرانەی خۆی دەست پێ کرد. هەرلە سەرەتای لاویەوە بە هەست پێ کردن بە ئاپارتایدی جنسی، بە توندی هەستی بە ئازار کرد و لە بەرانبەری ئەو نابەرابەریە دا هەڵوێستی گرت

هەربۆیە زۆربەی چالاکیەکانی ڕەنگ و بۆی بەرگری لە مافی ژنی بە خۆوە گرتووە. شلێر ڕەشیدی خۆێندنی ئاکادمێکی لە زانکۆی سەقز لە پلەی کارناسی ڕشتەی زانستی کۆمەڵناسی شاخەی لێکۆلینەوە تەواو کردووە. بۆ خوێندنی ماستەر دیسان چۆتەوە زانکۆ و لە هەمان ڕشتەدا بڕوانامەی وەرگرتووە . هەرلە سەرەتای چالاکیە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیە کانیدا وەک کەسایەتییەکی زۆر بەرچاو و بەناوبانگ لە شاری کەلتوورپەروەری سەقز، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا توانی جێگە و پێگەی خۆی لە نێو چالاکانی کوردستانی ئازیز بە دەست بهێنێ.

ئەو بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی و زۆر جار تاک ڕەوی چەن ئێوارە شێعر و کۆبوونەوەی بۆ مافی ژنان ساز کردووە و یەکەمین و دوا ڕۆژی جێهانی ژن لە سەرشانی ئەم تێکۆشەرە لە سەقز لەساڵانی هەشتاکاندا بەڕێوە چوو و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ کرا. ماوەی دووساڵ ئەندامی دەستەی نووسەرانی مانگنامەی ڕاسان بوو کە لە سەقز دەردە دەچوو و لە تاران بە چاپ دەگەیشت. لە چەن فستیڤالی باشووری کوردستان وەک فستیڤاڵی گەلاوێژلە سلێمانی، فستیڤاڵی دیداری هێمن لە هەولێر، فستیڤاڵی شێعری سەنتەری لووڕ، کە بە بەشداری شاعیران و نووسەرانی چوارپارچەی کوردستان بەڕێوە چوو بەشداری کردووە.

زۆربەی دڵنووسەکانی شلێر باس لە ئازارەکانی ژن لە کۆمەڵگای سوونەتی و پیاوسالاردایە و حەز و ئاواتی ژنی تێدا زۆر بەرچاوە. شلێر دوو دیوانە شێعری بە چاپ گەیاندووە بە ناوەکانی »بەرەژان«و »هەنێ شێتی و هەنێ مەستی«کە لە نەوعی خۆیدا جێگای سەرنجە.

شلێر ڕەشیدی باوەڕی وایە»لە کۆمەڵگای پیاوسالار و سوونەتی دا ئەگەر ژنێک چالاکی کۆمەڵایەتی بکات لە گەڵ هەزاران کەند و کۆسپ ڕووبەڕووە کە ئەگەر ژنێکی قارەمان و ماندوونەناس نەبێت ناتوانێ درێژە بە خەبات بدات، لە بەر ئەوەی نەتەنیا ڕێزی لێ ناگیرێ بەڵکوو وەک ژنێکی یاخی و سوونەت شکێن بە چاوی بێ ڕەحمی سەیری دەکرێت و زۆرجار لە گەڵ تۆمەت و سووکایەتی هێرشی دەکرێتە سەر»ئەو باوەڕی وایە« لە کۆمەڵگای سوونەتی دا تەنیا ژنی نێوان بەرماڵ و مەتبەغ پەسەندە و ژنێکی ئازادیخواز لە گەڵ چەن دەسەڵاتی وەک، بنەماڵە، کۆمەڵگا، یاسا، داب و نەریت و دین و چەنها ئاستەنگی دیکە لە شەڕدایە و ئەوشەڕە نابەرابەرە بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکسانی بە ڕاستی ژنێکی نەترس وقارەمانێکی گەورە وپێ داگری ئەوێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەستەی شێعرەکانم
لێوانلێوە لە ساچمە و
لە پاڵ تەرمی لاوەکانی سەرشەقاما
لە گەڵ خەیاڵێکی تووڕەی لە خوێن گەوزاو
وا لە ڕێگای بێ کۆتایی ئاواتی گەل
ڕێ دەپێوێ
بە جێی پیاسەی سەر  شەقام
لە پاڵ بوخچەی پڕ ئاواتە نەکراوەکانی لاوەکان
لە سەر جەستەی
شەپۆلە خەوتووەکەی ئەمجار
خەریتەی تۆفان دەکێشێ و
زامی تەرمی
سەد ڕۆژانەی
لاوی ماندووی بەرد هاوێژی بە کۆڵەوە
هەر بە جۆگەی خوێناوەکەی سەد ڕۆژانە
گۆمی خۆێنی لاوەکانی بەندیخانە دەهەژێنێ
جار جار
بەدەم
پەلەقاژەی ئەشکەنجەوە
بۆسەی ناهومێدی شکاندووە و
بووەتە دارشەقی
ژێر باڵەکانی لاوێکی تازە ڕزگار بووی
زیندان

شێعرم بووەتە کفنی هەزار قاقای
تازە پێگەیوی ژوان...
شێعرم بووەتە چۆپی دەستی دایکێ
بۆ  بۆسۆی جەرگی دەسووڕا

شێعرەکانم شێت و ماندوون
کفت و توورە پڕ لە هێزی تۆڵە
ڕێگەکەی سەرکەوتن دەپێوێ و
ڕێگای تووشی
ئازادی دڵ بە خۆێنیان گرتووەتە بەر
لە گەڵ پولێ شەپۆلی تووڕەی ئەمجارە
بەرێوەن و
پڕ لە گڕکانی تووڕەن و بە هێمنی
پەلکەی ئاوات دەگرنەوە

#شلێر_ڕەشیدی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیهانی گوڵەکان

# گوڵە کەرکەدی، یاخود کووچەرەت و پەڵپینە (پرپرە)



جیهان بێتووشی

هەندێ جار گوێمان لە هەندێ ناو دەبێت بەلامانەوە سەیرە و سەرنجمان رادەکێشێت، جا لە ڕێگەی جوانی یان سەیری ناوەکەیەوە بێت دەبێتە هۆی سەرنج.

ئایا تۆ تا ئێستا گوێت لە ناوی گوڵە کووچەرات یان کەرکەدی بووە؟ بێگومان گوڵەکەرکەدی گەلێک سوودی باشی هەیە و چارەسەرێکی تەندروستی باشە.

هەموو کەسێک حەز دەکات لەش و لارێکی ڕێک و جوانی هەبێت، بە تایبەتی لەنێو خانماندا هەمیشە هەوڵ دەدرێت گرنگی بە لەش و لارێکی ڕێک بدرێت. کەرکەدی یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە چەوری زۆریان لە ژێر پێستدا کۆبۆتەوە و بۆتە هۆی قەڵەوی، دەمکردنی گوڵەکەرکەدی وەک کوچە دەتوانێت سوودی هەبێت بۆ کەم کردنەوەی کێش و کاتێک کەسێک پێویستی بە ڤیتامین سی هەبێت هەمووان دەڵێن : پر- بخۆ، بەڵام ئەگەر تۆ حەزت لە پرتە نییە ئەوە دەتوانی چای گوڵەکەرکەدی بخۆیەوە تا پێویستی ڤیتامی سی لە جەستەتدا ڕێککەیەوە، ئەوانەی کێشەی بەرزی فشاریان هەیە ئەوە دەتوانن یارمەتییان بدات، کە فشاریان جێگیر بێت و پێویست بە دەرمانخواردنی بەردەوام نەکات، بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو سوودانە دەبێت ئاگادار بین گوڵەکەرکەدی بۆ ئافرەتانی دووگیان زیانی هەیە و ئەگەری هەیە زیان بە دایکەکە یان بە کۆرپەلە بگەیەنێت، وتمان سوودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە فشاریان لە سەرە، بەڵام بۆ ئەو کەسانە زیانی هەیە کە بە بەردەوامی فشار یان لە خوارییە و نابێت بەکاری بێنن وە دەبێت ئەوەشمان لە بیر بێت کە گوڵە کەرکەدی ڕەنگێکی جوانی هەیە و دەتوانێت ڕەنگێکی باش بێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ قژیان ڕەنگ بکەن، بە تایبەتی بە تێکەڵ کردنی لەگەڵ خەنە یان لەگەڵ ڕۆنی گوێزی هیندی تێکەڵ بکرێت و لە قژ بدرێت هەم دەتوانێت خۆراک بە قژەکە ببەخشێت و هەم دەتوانێت جوانییەکی تایبەت بە تۆی خانم ببەخشێت لە ڕووی ڕەنگی قشتەوە بۆ ئەوەی لە سوودەکانی بێبەش نەبی ئەوا گوڵە کەرکەدی وەکوو چای بخۆرەوە، بەڵام زیاد لە ئەندازە بەکار هێنانی زیانبەخش دەبێ.

## پەڵپینە (پرپرە)

تا ئێستا دۆکلیوت خواردووە بە پەڵپینە یان پرپرە ئەگەر نەتخواردووە یان پەڵپینەت بۆ گرنگ نەبووە، ئەوە با من هەندێ سوودی پەڵپینەت پێ بڵێم کە تا ئیتر تۆش بیکەی بە بەشێکی گرینگی خۆراکی ڕۆژانەت.

پەڵپینە کە لە هەندێک شوێن پرپرەشی پێ دەگوترێت یەکێکە لە گیا بەهارییەکان کە بە پێی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان جیاواز بەکاری دێنن و خواردنی جۆراوجۆری لێ دروست دەکەن،

بیرمان نەچێ پەڵپینە ڕووەکێکی خۆرسکە و دەوڵەمەندە بە زۆر لە کانزا گرینگەکان لێکۆڵینەوەکان لەسەر پەڵپینە کراون وا دەرکەوتووە، کە پەڵپینە دەوڵەمەندە بە کانزاکانی وەکوو پۆتاسیۆم و کالیسیۆم هەروەها ئۆمێگاسێی تێدایە کە ئەوەش وادەکات بەسوود بێت بۆ تەندروستی دڵ و یارمەتی نەهێشتنی کۆنترۆڵی خراپ دەدات



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



پەڵپینە زۆر کەم کالۆری تێدایە ئەگەر دەتەوێت لەش و لاریکی ڕێک و تەندروستت هەبێت ئەوا ژەمی ئێواران دەتوانی پەڵپینە لێبنێیت و کالۆرێکی کەم وەربگریت، زۆرێک لە لێکۆڵینەوە تازەکان باس لەوە دەکەن پەڵپینە بۆ ئەو کەسانە بە سوودە کە لە سەرەتای دروستبوونی خانە شێرپەنجەیەکاندان و سوودی دەبێت بۆ تێکشکاندنیان.

کێشەی قەبزی بە تایبەتی لەنێو منداڵاندا بوونی هەیە ئەوە بە خواردنی پەڵپینە دەتوانێت ڕزگارکەرێکی باش بێت لەو قەبزیە بۆ منداڵەکەت.



# تاسە

نەرم نەرم من بە تاسەی فڕینەوە
بەسەر گۆنای ئێوارەدا
شوێن پێکانی با
هەڵدەگرم
تنۆک تنۆک
دەکەویتە ناو توێی
مەوە

تۆ
ڕوحسووک ڕوحسووک
وەک تاسەیەکی
گەرم و خۆشی
نیشتیمان
من لەگەڵ خۆت لەتوێی
شێعرێکی
سەوزا
دەهۆنیەوە
تاسەی من
هەروەک فەقیانە جێماوەکەی
نەنکم و
وەک پێکەنینە پڕ ترسەکەی
دایکم
ماونەتەوە
وشک وشک بوونەتەوە
لە حەسرەتا!!!
لێرە ژنێک
ژنێک لێرە
بە مشتی ڕەنگ و
جانتایە لە وردە چیرۆکی
نەبیسراو

تاک و تەنها
بیری خۆی و نیشتیمانی
قەف قەف کردوە
بەسەر پەنجەرەی پڕ لە
تاسەی
ئازادیدا
خەوی قووڵ و خەیاڵی جوان
دەبیاتەوە.
ژنێک لێرە
خەمی خۆی و خەمی خاک و
خەمی خەندەو
خەمی هەمووان
دەچنێتەوە
ژنیک لەنیشتیمانی
پڕ لە گوناه و ترسدا
دەسنوێژی
ژیان هەڵدەگرێ
کەچی ئەوان لەدوای
فەرزی نوێژدا
دەیشۆنەوە.

کوێستان عومەرزادە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاڵبۆمێک لە نەورۆزی ٢٧٢٤ی کوردی و ٢٤ی ڕەشەممە

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە



پێشکەشکردنی خەڵاتی مینا خانم بە خۆڕاگری ژنانی ڕۆژهەڵات











کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# چرپە

چرپەیی هەڵبەستەکانم بانگەشەی ئابادییە
ڕاپەڕیینی ساڵی نوێمان هەم خەمەو هەم شادییە
مەشخەڵی گڕ بابگیرسێ لە حەساری ماڵەکان
جا درووشمی سەر بەخۆیی، ژن ، ژیان، ئازادییە

هێرۆ









کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## ڕاستکردنەوەی هەڵەی گۆڤار:

لە ژمارەی پێشوودا بابەتێک بە ناوی (بۆچی ژنانی قەڵای دم دم خۆیان هەڵداشت؟) بڵاو بووە کە نووسەرەکەی خاتوو شەهلا دەباغییە و ئێمە بە هەڵە بە ناوی کەسێکی دیکە بڵاومان کردەوە




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# WOMEN LIFE FREEDOM

**women**

**64**

Democratic Women Union of Kurdistan

5.Apr.2024